فەرەیدوون سامان

# شار بۆنی تۆی لێ دێت

کۆشیعر

2021

ناوی کتێب : شار بۆنی تۆی لێ دێت
نووسەر : فەرەیدوون سامان
بابەت : شیعر
دیزاینی بەرگ : هونەرمەندی هۆڵەندی ئەنەمیک دێکەر
نەخشەسازی ناوەرۆك و بەرگ : شاخەوان جەعفەر
چاپ : ٢٠٢١

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، ( )ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

# شوێنبزر

کە ناتبینم
کات دەوەستێ
شوێن بزر دەبێت
تاڵ تاڵ مووەکانی سەرم سپی دەبن
چاوەکانم کز...
روخسارم رەنگی پاییزی لێ دەنیشێت
ددانەکانم گەڵائاسا هەڵدەوەرن
پشتم وەک کەمەی گۆچان دەچەمێتەوە
زمانی ئاخاوتنم بیر دەچێتەوە،

بێ تۆ وا دەزانم
گۆرانبێژێکی بێ زمانم
شێتێکی سەرگەردانم
شێتی کوڕی شێت
پیرێکی پەککەوتەی سەد ساڵەم،
بێ عیشقی تۆ
ژیان واتایەک بە بوونم نابەخشێت.

# شار بۆنی تۆی لێدێ

کۆڵان  دەبن بە پەڵەهەور
بارانی ئەوینت دەچنن
شەقامەکان  بێهودە  چاوەڕێتن
لە دیدارتدا باخەکان ئامێز بۆ ژوانت دەکەنەوە
گوڵەکان دەپشکوێن،
تەنانەت تیشکی خۆرەتاویش
شەیدای هەنگاو بەهەنگاوی
خاک و خۆڵی بەرپێتن..
من هێشتا لە نێوان خەون و
مەستی شەرابی دیدارتدا

خەواڵووی خەوێکی قووڵم
خەونی گەیشتن بەدیدارت
خەونی گەیشتن
بە نووری روخسارت..

بێ ماڵاوایی کە کۆچتکرد
بزەکانیش خۆرەتاو ئاسا ئاوابوون
ئیدی من سەرمەستیم بەرهەڵدا کرد،

نەفرینی عیشقی تۆ بوو
قووڵتر لە ناخی دەریا
سەرکەشتر لە ترۆپکی چیا..
منی بەرهەڵدا
هێشتا ئالوودەم بە عیشقی تۆ..

کە شەو دەگەڕێتەوە
شەوی دەیجوری غوربەتی
شەوی تەنێی نامۆیی وێرانی من
ئەو شەوانەی دەبنە خەزان خەونەکانم هەڵدەوەرێن

خەونی نەگەیشتن بوو  بە دیدارت
ژانی دابڕانی من  بوون
دابڕان لە هەبوون..
لەبوونی چیرۆکی عاشقێکی بلەنگاز
شەوان رادەبورن
ئامێزی دابڕانی عیشقی  تۆ
سنووری بە مین چێنراوی نێوانمانە،

من کە هەمیشە  بیریت لێدەکەمەوە
کوژاڵکی تاڵی یادوەرییەکانم
ئازاری رۆحی برینداری چامەکانم دەدەن
دەرگاکانی چاوەروانی
بەرووی پێشوازیم کڵۆم دەدرێنەوە
جارێکی دی  لەبەردەم ئاوێنەکاندا
بەشەرمەزاری لاپەڕەکانی زەمەن هەڵدەدەینەوە
دێیت و بە من دەڵێیت عاشقی سەرشێت
داستانی بێکۆتایی  نێوان من و تۆ بێهودەیە..
ئیدی خەزانی یادەوەریمان
گەڵای  هەڵوەریوی درەختێکی بەجێماوە

لەدەشتی قات و قڕی فەرامۆشیدا هەڵدەوەرێت
چاوەڕێ بە تا گەردەلوولێک دێت و

نەفرەت لە داهاتوومان دەکات..
بەڵام من زووتر دەمرم
چونکە مودمین بە عیشقی تۆم.

# سڵاو گوڵی غوربەت

لەدوورەوە  بۆنت دەکەم
بۆنی عیشقێکی یەزدانی
هەناسەی ئاسوودەیی ژیان
خەمی نەگەیشتن بە دیدارت
بە دیداری ئەو چاوانەی پڕن
لە سۆزی عاشقێکی سەرگەردان
لەخەمی  باوەشی گەرمی
میهرەبانی لێکدابڕان...

کە بیرت لێدەکەمەوە
کوانووی گڕی عیشقی ئاگرینم
لەنێو سەهۆڵبەندانی چاوەڕوانیدا
دەبن بە خۆڵەمێش..
کە جار جار دەبیتە بارانی رەحمەت
جارجاریش گێژەلووکەی نەفرین
پشت لە یاسای عیشق دەکەین
مەرگ دەبێتە ناسنامەی ژین،

ئاخرکەی تاڤگەی باران
لە تەڕبوونی جەستەی من و تۆدا
پەژیوان بوویەوە
شەپۆل لە کەنار هەڵگەڕایەوە
یاسا و رێساکانیش
لە من و تۆ..

لەو ونگەیە
لەنێو هەورە تاریکەکاندا

بەدوای ئاسۆیەکی تردا گەڕام
رەنگەکان شێوەیەکی تر
خۆیان نواند..
تو خودێ بووی
بە تەنێ  بەجێت هێشتم
مەگەر نەتدەزانی
من بە عیشقی تۆ لەخاچ دراوم.

رۆژانێک بوو
لە نێو چاوەکانی تۆدا
ئەو رۆژانەی
بە وێنەی شەپۆلی  قورسی رووبارێک تێپەڕین
بەدوای رەنگێکی تردا گەڕام
تا تۆم دۆزییەوە
خۆم لێ ون بوو،

درەنگ زانیم عیشقی تۆ کوشندەیە
پیاڵەیەک ژەهری  پەژیوانیم  نۆشیوە،

ئاخر عیشقی تۆ
وێڕای وەهمێک
خەیاڵێکی سەرشێتانە
چی بە شاعیرێکی بێ نیشتمانی
وەک من بەخشیوە؟
دوو کەناری رووبارێکە
داستانی عیشقی من و تۆ.

عیشقی ئێمە ساڵەهایە
سەرچاوەی هەموو ئازارێکە
عیشقی ئێمە ناتەباییە
دوو هێڵی تەریبن
هەرگیز بە یەکدی ناگەن
کەچی تۆ هەر
لەو ئەستیرە کۆچەرییە دەچیت
وزەی تیشکی خۆرەتاو
لە رۆحی شەکەتی من وەردەگریت.

# نۆستالیژی

بۆ منداڵیم دەگەڕێمەوە
منداڵیی ون بووم ...
بەڕاست  بلیمەتی
بە مەبەست گەڕانەوەیە بۆ منداڵیی
یان درۆیەکی شاخدارە؟
هەر چەند بیرت لێدەکەمەوە
بۆ منداڵیم دەگەڕێمەوە
دەسەڵاتم  بەسەر خەیاڵمدا ناشکێت
بیرم دەچێتەوە کە  رۆژێ لە رۆژان

تۆ هاوڕێی منی بوویت،
چون ئەوینی تۆ
گشت رێیە بە مین چێنراوەکانی بڕی
سنورەکانی مەحاڵی بەزاند
تۆ بووی
ناوت لێنام عاشقی شێت..
ئیدی تەواو نابێت
چیرۆکی ئازارەکانی ئەو عیشقە بێهوودەیەی تۆ
تەواو نابێت
گاڵتەجاریی ئەو پەرستگایە رووخاوەی چاوەڕوانی
ئەفسانەی ئەو ژیانە هیچ و پووچە
تەواو نابێت...
بڕیاری لەسێدارەدانی
ئەو گوناهکارەی تۆ بووی
ناوت لێنا عاشقی سەرشێت.
دواجار هەر عیشقی تۆیە
بە بێ دەنگی دەیکوژێت..

ئەمێستاش من

له نێو زریانی خەمێکدام . کۆتایی نایەت

فریشتەیەک بێ ئەوەی ماڵئاوایی لێبکات

وەک ماڵئاوایی  پیره ڕمێک

که چۆن دڵ دەتەقێنێت

پارچه پارچەی دەکات

منی بەجێهێشت..

هەرکه  وەبیرم دێیتەوه

فرمێسکی دڵم

وه پێش تاڤگەی فرمێسکی چاوەکانم دەکەوێت.

# گوڵەمێخەک

هەمیشە مەستم
مەستم  بە تەلیسمی نیگاکانت
بەدمەستی ئاوێتەبوونی عیشقێکی ئەزلی
بە هەناسەت، بەدمەست دەبمەوە
هەناسەی پاکی ئەوینت..
لەسەر رۆخی چاڵی مەرگیش بێت
بە وێنای کانیلەیەکی وشکبووی بەردەم تۆفان
دەبووژێمەوە،
بە گڕی پەیڤەکانت
داستانێکی تازەی عیشق  دەنووسمەوە.
تۆ عاشقانە بە خۆت  ئالوودەت کردم

لە کێشوەری سەهۆڵبەندانی لێکدابڕان
لە گەرمەسێری گوناه و تاوان داڵدەت دام
نەتدەزانی چەند شەکەتم
بەدمەستی کام ڕێگای بێ ئومێدی
دوور و سەختم...
نە دەستم دەگاتە کەشکەڵانی ئاسمان
نە دەشتوانم ئامێزی تەنێی خۆمت بۆ واڵا کەم ،
نە لە سێبەری میهرەبانیتدا
ئۆقرە دەگرێت
باڵندەی پەڕوباڵ شکاوی بەختم.

گوڵە مێخەک
لە وڵاتی ئاوارەیی..
دوور لە یادەوەری بنار و زنار و ترۆپکی کێوەکان
دوور لە هەناسەی گەرمی گوڵەگەنمی پێدەشت
دوور لە ڕۆندکی
ئەو گەواڵە هەورە سەرگەردانەی
بەرەو کیشوەری سەهۆڵبەندانی نامۆیی تاراندییان
بە غەمگینی گیرسایەوە.

داخۆ ئێستا دەبێت چۆن بێت؟
ئای گولەمێخەک
چۆن دڵت هات
ئەلبوومی یادەوەرییەکانت نەناسییەوە
لەسەر نەقشی تاشەبەردی کام رۆژگار بوو
وەک گوڵە کێویلە ڕوای..
دە چیرۆکی سەرگەردانی خۆتم بۆ بگێڕەوە
تا بزانم کاممان شەکەتترین
من یان تۆ..

گوڵەمێخەکی خەیاڵی من
چۆن بووی
بە گۆرانی سەر لێوی عاشقە دڵشکاوەکان
ئەوانەی بۆ ماچی تاڵە تیشکێکی خۆرەتاو
رۆحیان بووە بە خۆڵەمێش..
لە هەر کوێیەکی باخی ئەفسانەی ئەویندا
بۆن و بەرامت پەرت کەیەوە
لە هەر کوێیەکی ئەو دنیایە بێت
من بۆنم بە ئەوینی تۆوە گرتووە،

گوڵەمێخەکی خەونەکانی من
ڕۆژانێ بوو تۆ جوانترین جوانەکانی
ئەو ڕۆژگارە دزێوە بووی
کە لە مەزاتخانەی سیاسەتبازەکاندا
عیشقیان بەردباران کرد
خەیاڵی گەیشتن
گەیشتن بە نووری دیدارت
بە دیداری چاوی خوماری شەوگارت
سنوورەکان دەبڕم
هەزار هەنگاوم لێ دەبێتە هەنگاوێک
کە لەو زیندەخەونەش
بێداردەبمەوە
لەسەر پشتی بێئومیدیم ڕاکشاوم
خۆم دەبینم
لە کونجی تاریکی وێرانە ماڵم
پیرێکی هەزار ساڵم
لە ناو جێگادا کەوتووم
بەدمەستی گۆشەی خەیاڵم،

تۆ جوانترین بەدبەختییەکانی
ئەو رۆژگارە دزێوە بووی
کە لە مەزاتخانەی سیاسەتبازەکاندا
عیشقی تۆیان لە خاچ دا
عاشقە جوانەکەی ناخی تۆیان کوشت.

دوای هاتنی تۆ
یەکەم هەنگاو
دوای هەزار هەنگاو
سێبەری میهرەبانیت باڵی کێشا
بەسەر بیابانیی قاتوقڕی رۆحمدا
کانی زوڵاڵی پەیڤەکانت تەقینەوە..
لەو ماڵە جوانەدا
بناخەکەی لەسەر شنەبایە
بنمیچەکەی گەواڵە هەورە
دیوارەکانی باخی گوڵەمێخەکن
دەلاقەکانی رۆشناییین،
بەو پایزە شەوە درەنگ وەختە
لە کوێ بووی
بۆ نەهاتی؟!

# شەونامۆیی

خەونەکانی خۆی بە دووبارە بوونەوەی
ڕازەکانی تەنێی دەسپێرێت،
هەگبەی کۆچی لە کۆڵ دەنێ
خەیاڵ دەیباتەوە کەناری رێگا دوورەکان
ئاورٍ لە سێبەری خۆی ناداتەوە،
عاشقی سەرگەردان
بەدەم ڕێگاوە لەگەڵ خەیاڵ
رۆدەچیتە ناخی کۆڵانەکانی یادەوەرەی..
چ گاڵتەجارییەکە ساتە تاڵەکانی بوون

ئەوانەی بە دوو تراویلکە کەوتوون
دواتر لەتێنووواندا دەخنکێن.

هۆ قامچی
کەی لە جەللادەکەی خۆت هەڵدەگەڕێیەوە؟

# سەردەمێک بوو

پاکی و بەرائەت
ئاوازی عیشق و ئازادی
مانفیستوی خەونەکانم بوون
چەند بەیاننامەیەکی حیزبی
کتێبی چەپ و شۆرشگێڕەکان
هەواڵی بە جۆشی رادیۆی دەنگی شۆرش
دیوانی شیعری
شاعیرانی بەرخودان
حەسرەتی سۆزی گۆرانییەکانی داریوش

له ناو جانتای یادەوەری ئەو دڵەم هەڵگرتبوو،
دایکم چیاوچیا بە دوو سۆراغی کوڕەکانی دەگەڕا
لە بەردەم دەروازەکانی سۆزی خودا دەپاڕایەوە
دەیگوت چەپی چی و
شۆرشی چی..
من هاتووم کوڕە دەربەدەرەکەم ببینم..
لێرەو لەوێ سەفەری خەونە وەنەوشەیەکانی دەکرد
لە فرمێسکەکانی شارەوە
بە هەنسک و هەناسە ساردەکانی
سەردانیی ئازارەکانی زیندانیی دەکردم
دواتر منیش..
زیندانەکەی ئەبوغرێب
دوا مەنزڵ و وێستگەی چاوەروانیم بوو،
ئای کە وەهمی ئازادی لە خشتەی بردم
رۆژگار چ زوو منداڵیت بەرەو پیری بردم.

# بۆ ك. س

هەناسەی قوڵی دەریایەکە بێدەنگیت
شەپۆلەکانی نیگەرانیم هارتر دەکات..
کەشتی خەیاڵی
گەشتی بێئومێدیم دەخنکێنێ،
رەشەبای ژانی زامێکە بێدەنگیت
کێوی خەونەکانم دەرووخێنێ،
هەرچی زمانی خێڵ و
نەتەوەکانی دنیا هەیە
دەمدوێنێ بێدەنگیت..

تۆ هێشتا
لە زمانی ژانی عیشقی من ناگەی
حاڵی نابیت
عیشق داستانێکی جاویدانییە
ئیکسیری ژیانە...
عیشق بەرزەخی نێوان مان ونەمانە
عیشق  ژانی لە دایکبوونە
عیشق سووتانە
عیشق فڕین و
باڵەفڕێی پەپوولە و
ئامێزی گەرمی پاسارییەکانە،
عیشق هەڵکۆڵینی کێوی مەحاڵە
گەیشتنە بە گیای نەمری ژیان
دۆناودۆنی ڕۆحە...
هەڵگەڕانەیە لە ئایدۆلۆژیا
لە زمان
لە نەتەوە
لە نیشتمان

لە ئایینەکانی سەرزەوی و ئاسمان.

لە بێدەنگی تۆ
چیاکانم خستە سەرپشت
سواری پشتی شەپۆلەکانی مەحاڵ دەبووم
هەنگاو بە هەنگاو
هەرچی سەرابی بیابانی هەیە
تەییم کرد
بێ سڵکردن لەوەی چۆن
تا چەندی تر دەژیم،
ژەهری پەژیوانیم نۆشی
تا دڵنیابیت عیشقی من بۆ تۆ
وەک هەبوونی کێو و دەریا ئەزەلییە
پەیامی خوداوەندانەی جاویدانییە،
ئاخر کێ هەیە نەزانێت
عیشقی من بۆ تۆ یەزدانییە..

# ئەڤینکوژ

چرایەکە مەکوژێنەوە
با لەوە پتر ژوورەکەمان
تاریکتر نەبێت،
کۆڵانەکانی یادەوەریمان
بنبەست نەبن..
کێ دەڵێت
ئێوە بۆ کوژانەوەی تیشکی خۆرەتاوی
ئێمە نەهاتوون؟
کێ دەڵێت چرا بەدەستەکان

ئەوانیش لە نەسڵی گورگ نین
مێگەڵی بەستەزمانی خەونەکانی ئێمە
گەلکوژ ناکەن
کێ دەڵێت...
مەگەر ئێوە عیشقکوژ نین؟
ئاسمانتان پڕ نەکردبوو لە تەرمی عاشقانی باران
گوڵەگەنمی کێڵگەی هیوا و
نانی رەشی هەژارەکانتان نەدزی
خەونی رەنگاورەنگی منداڵیمانتان نەزراند
باخی گوڵەکانتان پڕ نەکرد
لە بۆنی بارووت،
خاتووزینتان لاقە نەکرد
کاکەمەمتان نەخستەوە زیندان
سیامەندتان سەرگەردان و
خەجێتان نەتۆراند..
عاشقانی بارانتان رەوانەی توونی مەرگ نەکردەوە

# قەدەغەیە..

پرسیارێک لەبەردەمتا دەچەمێتەوە
وەڵامێک بەردباران دەکرێت
گوناهێک
لە ناو کتێبە پیرۆزەکانی خودا یاخی دەبێت.

من زوو دەمزانی
ئێوە تاریکی پەرستن
هەرگیز عاشقی بەرەبەیان نابن
بە ناوی ئەڤیندارانی خۆر

شەوەزەنگمان بۆ دێنن..
رۆژێک دێت
رووباری ئەڤین سەر بەرەوخوار دەگەڕێننەوە
کێوی هیواکانمان تەخت دەکەن،
عیشقی ئێمە لەسەر مێزی قوماری
شەوە سوورەکانتان
دەخەنە نێو پیاڵەی بکوژانی خۆرەتاو..
من زوو دەمزانی
چراکان دەکوژێننەوە
ژوانگەکان دەکەن
بە هێلانەی شوومی کوندە پەپوو،
زوو دەمزانی ئێوە هەرگیز چاوەڕێی بەرەبەیان ناکەن..

# کانی عاشقان

ناوم هەڵەبجەیە
ناسنامەکەم بزر بووە
کراسێکی سوورم لەبەردایە
خوێنی منداڵەکانمی لێ دەتکێت
لەسەر نەخشەی ئەو جیهانەش
بوونم نییە..
عاشقێک نییە خۆشی بوێم
شاعیرێک نییە چامەیەکم بۆ بنووسێت

من هەڵەبجەم
جەستەیەکی بێ سەرم
چیرۆکێکم بە نێو مینەکانتاندا  رێ دەکەم
بە قفڵێکی گەورە ی ژە نگاوی
دەرگاکانی رووناکیم
بەروودا داخراوە،
لە سەر رێگاکان
لە جەنگەڵەکاندا
بە بۆنی سێوەکانتاندا مەست دەبم،
کاتێ دەیانبینم
رێبوارەکان نادوێنم
گورگەکان لە نیگای چاوەکانیان تێدەگەم
لە زمانیان حاڵی دەبم
چۆن نێچیرەکەیان راو دەکەن.

من کراسێکی سوورم لەبەردایە
ناوی خوێنە..
ناسنامەکەم وڵاتێکی بێ سەرو شوێنە..

# تەنێیم گەرم کەوە

دەمێکە هەناسەی ساردی نائومێدی
دووری تۆ وێرانی کردووم
ئامێزی میهرەبانیت
کە پەرستگای نوێژەکانی منە
ئامێزی پەناگە و
نیشتمانی ئەوینی منە..
ساتەکانی تامەزرۆییم
بە هەناسەکانی عیشقت گەرم کەوە
منی پەنابەر بۆ ماچێکی ئەفسووناویت
هانام بۆ هێناوی
تا بەر لە ماڵاوایی
گوێم لە زایەڵەی دەنگی ئەوینت بێت..

# شەوەڕەش

ئاشی خوێنت داهێنا
سەری رۆڵەکانی خۆت خوارد
بودەڵەکانیش
تاجی سەرکەوتنیان لەسەرنا..

دەزانم رۆژێک دێت
بۆ نامۆیی روەو نادیار
بەسەرگەردانی هەنگاو دەنێم
وەک ئەسپێکی بریندار
لە گۆرەپانی جەنگێکی سەختی مان و نەمان دا
دواجار لە پێ دەکەوم و

لەپەنا تاشەبەردێکدا رادەکشێم
تەنانەت توانای دابینکردنی
چۆرێک ئاوم نابێت
کەسیش نایێ بە هانامەوە
دەمرم و خێر لە تۆ نابینم نیشتمان..

# ماڵاوا نیشتمان...

سڵاو ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمان
سڵاو پێشمەرگە قارەمانەکان
سڵاو شەهیدە سەربەرزەکان
سڵاو زیندانیە سیاسییە کۆڵنەدەرەکان،
مەرحەبا شەڕەکانی براکوژی
خەسخەسەی ئابووری
بازاڕی ڕەش
تاڵانکردنی ژێرخان و سەرخان
مەرحەبا تانکەکانی عروبە

فڕۆکە مەرگهێنەکانی مەغۆڵ
شمشێرەکانی جوند و
و چەقۆ تیژەکانی داعش
ماڵاوا نیشتمان..

بەیانیتان باش
شۆرشگێرەکانی دوێنێ
شۆرشگێیەکانی ئەمڕۆ
ئەوانەی بە خوێنی بە ناهەق رژاوی
گوڵەگەنمەکانی
قەراج و کەندیناوە
شنگال و گەرمیان
کێڵگەکانتان کردە دیاری
بۆ قوڕگی گورگی بیابان
ئەوانەی بەناوی پێکەوەژیان و لێبووردەیی
سەری کۆترە سپیەکانتان
کردە شاباشی سەرچۆپی گڕی داگیرکەران،
بەناوی مرۆڤایەتی

مرۆڤایەتیتان کوشتین
خەونەکانتان لێ زەوت کردین،
ئەوانەی ساڵەهایە
بە ناوی ئازادی
بێچووە کۆتری ئازادیمان سەر دەبڕن
دەست دەخەنە ئەوکی برسێتی منداڵەکانمان.

سەدان ساڵە خەون دەبینین
خەونی زەرد
خەونی سەوز
خەونی سوور
خەونی شین
بەردەوام خەون دەبینین
لە ڕۆژهەڵات
لە ڕۆژاوا
لە باکوور
لە باشوور
سەرەنجام

بێ دەنگ
بێ پشت و پەنا
بێ دۆست و هاوڕێ
بێ برای هاوخوێن و
برای هاودین..
بێ وەڵام
خەونە ڕەنگاوڕەنگەکان
دەبن بە خۆڵەمێش
نیشتمان لە چاو تروکانێکدا
دەبێتە مشتێ شەبەنگ
لەسەر نەخشەی ستەمی
ئەو جیهانە کەڕو لاڵە
بە زەبری نێزە و دەبان سەرمان دەبڕن،
ئەوانەی دێن
مێژوومان بە درۆ دەنووسنەوە
بەناوی خودای میهرەبان
هەتکمان دەکەن
سەدان ساڵە

لەوەتی هەین
دوێنی و ئەمڕۆ و سبەی
مێژوومان پڕدەکەن لە ستەم،
رۆژانە خەون دەبینین
خەونی زەرد
خەونی سەوز
خەونی سوور
خەونی شین
لەو زیندە خەونە بیدار نابینەوە
تا خەونەکانمان دەبنە
پەڕۆی بە گووی
قوونی رەشی
براکانمان...

# ئەیوب ناگەڕێتەوە

خۆزی گوڵە کێویلەیەک دەبووم
لەو بنار شاخانە
بۆن و بەرامەم بەو ترۆپکە سەرکەشانە پەرت دەبۆوە..
لە ناو قەدی ئەو تاشە بەردانەش
هێلانەی ئەو بێچووە کەوانە دەبووم
کە زایەڵەی قاسپەیان ئاسمانی بێسنووری دەتەنیەوە...
پردێک دەبووم بۆ پەڕینەوەی
ئەو کارمامزانەی
سەر رێی ئەو چەمە سەرخۆشە
کە بە خەیاڵی دیداری عاشقەکانیان شاد دەبوون ..

مخابن بۆ تۆ
لەو بەهەشتەت دەرکردم
بەر نەفرینی سەرزەوی کەوتم
ئەو سەرزەوینە خۆڵەمێشەی
کە نەوە دوای نەوە
بە رۆڵە دڕندەکانت
ئاوەدان کردەوە
ئەگەرچی لە داوێنی تۆدا
سەدان پێغمبەر هاتنەدەر،
لەسەر سێوێکیش ڕۆڵەی خۆت وەدەرنا ..
نەوە چڕنووک بە خوێنەکانت
بە ناوی کتێبی پیرۆزی تۆوە
شمشێر و نێزەیان دایە دەستی یاوەرەکانیان
هەرچی بە دوای بانگەوازەکەت نەچوو،
بۆی نەچەمایەوە
کەللەسەری پەلدان..
پەریزادەکانی کردن بە کەنیزە و
ماڵی تۆی پڕکرد لە جەنگاوەرە دڕندەکان..

لە پێدەشە تێنووەکانی گەرمیانەوە
تا چیا سەرکەشەکانی کوێستان
لە هەڵەبجەی لەخاچدراو
تا مەتینا و ئاڤاشین...
بۆنی سێوەکەی تۆ بوو
گوڵەگەنمەکانی مەست کردن
بەناوی پیرۆزی تۆوە
عاشقانی خۆرەتاوی
رەوانەی بیابانی مەرگ کردین...
تۆ لە کوێ بووی
کاتێک لەبەردەم گۆڕەپانی چوارچرادا
منداڵەکانی تۆیان لە خاچ دا
لە کوێ بووی
کاتێ لەبەردەم دەرێی چیادا
رۆڵەکانتیان
لەژێر زنجیری زرێپۆشەکان
پلیشاندەوە..
کاتێ زەیتوونەکانی عەفرینیان

شەهید دەکرد
سەریَ کانییان وشک دەکردەوە
دەنگی ئازارەکانی تۆ
بە بەرچاوی هەموو دنیا
دیسان بێچووە کەوەکانی کوێستان و گەرمیان
ژەهراوی دەکات
چەم و کانیلەکان
کوێر دەکاتەوە..
وەرە کتێبەکەت ببەوە
بیدەوە بەو یارانەی لە بەهەشتدا
بە خەیاڵی گەیشتن بە حۆرییەکانت
گیانیان بەخشی...
ئیدی
چاوەڕیَ مەبە
جارێکی تر ئەیوب بگەڕێتەوە
بانگی رزگاریت بۆ بدا
ئەیوبەکەی تۆ
هەموو رۆژیَ

لە گۆڕەپانی چوارچرادا هەڵدەواسرێت
ئەیوبەکەی تۆ
ڕۆژ نییە
لە کانی عاشقانی هەڵەبجەدا
قوڕگی پڕنەکەن لە خەردەل و سیانید..
ئەیوبەکەی تۆ
ڕۆژانە لە ئامەد
لە شنگال..
لە خاچ دەدرێت..

# تەڵعەت سامان

تۆ قەڵای ورە و
وزەی رۆحی ئێمە بووی
وانەکانی  شانۆی بەرخودانی دمدمت فێر کردین
هێشتا قەڵا بە قۆشەنی گەلە گورگ و کەمتیار
گەمارۆ دراوە
سەرچاوەی ئاوی زیندەگی لێ بڕاوە،
تۆ چراخانی شەوی تاری ئەو شارە بووی
کە ساڵەهایە نەوەکانی پاتاڵ و تاراجی مەغۆل
بە مەنجەنیقی ستەم

ئاگربارانی دەکردین
لەرۆژگارێکدا کە گورگە کەڵبە بە خوێنەکانی بەعس
رۆحیان هەتک دەکردین
جەستەی بریندارى نیشتمانێکی لە خاچدراویان
لێ دادەماڵین
تۆ هەتوانی سارێژی زامەکانی ئێمە بووی
بۆچی وا زوو پشتت تێکردین
بێ ماڵاوایی بەجێت هێشتین.
خۆ پاییز نەبوو
ئەو هەموو گەڵای فرمێسکە بۆچی وەرین
ئەو هەموو باخی گوڵە چما وشک بوونەوە
ئەو هەموو نمە باران و خوناوە بۆچی تۆران
ئەو خەزانە نەفرینە چی بوو بێ سڵاو کردن
لە دەرگاکانی ماڵی رۆحی ئێمەی دا
ئاسمانی ئەندیشەمانی تەنی
ئەستێرە گەشەکانی لێ تاراندین
لەم زستانە سارد و سڕەدا
ئەو ماڵئاواییە ناوادەیەت چی بوو

بۆ بە تەنێ بە جێت هێشتین؟
هاتووین دوا دیمەنی نمایشەکەت ببینین
چراکان بکوژێننەوە
پەردەکان هەڵدەنەوە
شاری ئەوین
شاری دڵ پڕ برین
کەوەکانی قەرەچوغ
باڵ کراون
چیتر توانای فڕینیان نەماوە
شار کۆستی کەوتووە
مێژوویەکی لەدەست داوە
لەشەوە زەنگێکی رەشی
زستانێکی سەهۆڵبەندان
هەروەکو تارمایی ون بووی
وتت ماڵئاوا ئەی ژیان
ئەمڕۆ زەمەن هاوار دەکات
هەور دەبێت بەفرمێسک
بەفریش شینت بۆ دەگێڕێ و

قەڵاش کرنۆشت بۆ دەبات،
خۆرەتاوێک بووی
زوو ئاوابووی
دوا دیمەنی شانۆگەرییەکە تەواو بوو
گشت کارەکتەرەکان هاتنە سەر تەختەی شانۆ
خانی لەپزێڕین، رووتە پاشا، مەم و زین، خەج و سیامەند،
نەفرەت لێکراو، حەمەدۆک، خانزادی سۆران...
پاڵەوانەکە خۆی دەکوژێت
ئیدی هۆڵ جمەی نایەت.

دوای تۆ
خاچێکم لەکۆڵ ناوە
حاشام لە خوداوەندێەک کردووە
مەرایی بۆ جەلادەکانیان دەکەن.

# مەوجود سامان

ئەو لە نێوان خەمەکانی چڕە دووکەڵی جگەرەیەک
ناڵەی زامەکانی پیاڵەیەک شەرابدا
ون بووە و
سەرمەستانە
یادەوەرییە تاڵەکانی خۆی دەنووسێتەوە،
شەوان تا بەرەبەیان
رۆژگار بە شەوگار
بەرائەتی منداڵیی
بە شوومی پیری

سادەیی پەیڤەکانی
بە ئاڵۆزی هزرینی...
خەونەکانی
بە قاوەیەکی تاڵی ناو فینجانێک
دەسپێرێت..
هەمیشە سەرمەستانە
بە خەیاڵی ئەو تاشەبەردانەی
کە رۆژگارێگ نیوەی تەمەنی خۆی
لە پەراوێزی تەنێی
بێهودەیی چاوەڕوانی و
وەهمی ئازادیدا بەسەر برد
ئێستاش دوور لە کێوی غوربەت و
پێدەشتەکانی تەنێیدا
دوور لە خەمی بناری پیرە قەڵات
کۆڵانە بنبەستەکانی سیاسەت..
دوور لە خوێنی رژاوی براکوژەکان
کێوییەکان لە ئاستیدا بێ ئەمەگ بوون...
لێرەش لە وڵاتی گوڵ و ئاودا

له وڵاتی ڤان کۆگ
زەردەخەنەی گوڵەگەنمەکان
تەنێی خۆی
بە جاویدانی دەسپێرێت

# تەها ئاغاجان

تەنانەت چۆلەکەیەکی نەکوشتبوو
هێلانەی پەڕەسێلکەی تێکنەدابوو
تفی لە ئاوی هیچ کانیلەیەک نەکردبوو
بەسەر دیواری هیچماڵێکدا هەڵنەگەڕابوو
لەهیچ بەرەبەیانێکدا
مەنجەڵە نۆکی سەری کۆڵانی نەرژاندبوو
لەژیانی خۆیدا
ددانی کەسی نەشکاندبوو
بەڵام خرایە کونجی زیندانەوە

بەتاوانی کوشتنی جرجێکی بەعسی
کە نەیدیتبوو
نەیدەناسی..
نەیدەزانی ناوی خۆیی و باو و باپیری چی بوو
تەها لە کونجی تاریکی زینداندا
ڕۆژانە چاوەڕێی مەرگی خۆی دەکرد. .
ئاخ تەها من کە دەمناسیت
تەنانەت رقی لە جەلادەکەی خۆیشت نەدەبۆوە

*هونەرمەندێکی شانۆکاری کۆمیدی بوو

# جەلیل گادانی

خودێ ئاسمانی بە چەتری زەوی ئەفراند
دواتر زەوی کردە بەرگی زەریاکان و
کێوەکانیشی کردە پێخەفی دەشت و دارستان،
پاش ئینس و جن
ئەوجا خودێ کوردی بێ خودانی ئەفراند
لێ برایەکانی لێی هەڵگەڕانەوە
لە پلانێکی هۆڤییانەدا
جەستەیان ونجر ونجر کرد
یەکێک لەو شەرڤانانەی کە خودێ

. بە کوردیی خوڵقاندبوو
عومری درێژی بۆ کورد نەزر کرد بوو.

*جەلیل گادانی  سەرکردەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو

# رامین

هێندە بیرت دەکەم
دەڵێم ئاخۆ دەبێت تۆم لە بیر بچێتەوە
وا دەزانم پەتی هەموو سێدارەکانن
لە گەردنی مندا ئاڵاون
وا هەستدەکەم ئەوە منم
من دەخنکێم..
رامین کوڕەکەم بگەڕێوە
چۆن ئاو پەژیوان بێتەوە
تۆش بۆ سەرچاوەکەی خۆت بگەڕێوە

خۆرەتاو ئاسا بە نابەلەدی
لە خۆر جویێ بێتەوە
منیش رادەستی ئامێزی ئەڤینی جاویدانی
تۆ دەبم ولە نێو تۆدا
لە نێو فرمێسکی خوێنینی دایکەکاندا
دەتوێمەوە
دەبم بە تۆ
دەبم بە پەپوولەیەک باڵدەگرم و
هەڵدەفرم
بەرەو ئاسۆ
بەرەو شکۆ
بەرەو هەواری شەهیدانێ
کە بۆنی خاک وخۆلی نیشتمان مەستی کردن.

*رامین حسین پەناهی گیانگۆڕێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو

# ستایشەکانی عیشق

وەرزێکی دیکە ماوە بۆ عیشق
ژوانێک بۆ ئاوێتە بوونی هەست
ئاوێتەبوونی رۆح،
بەرلەوەی مانگ ئاوا بێت
چۆلەکەکان بەسەر درەختەکانەوە بمرن
شلّپە و شۆڕی تاڤگەکان کۆتاییان بێت
کێوی بەفر بتوێنەوە
سەراپای زەوی ببێتە ئاو
ئاو جوانی خۆی لە دەست بدات

خۆرەتاو بەرائەتی خۆی بدۆڕێنێت،
ئەی عیشق وەرە
تۆ نەبیت
ئیدی پەپولەکان روو لەگوڵ و باخچە ناکەن
رووناکی پاڵتۆی تاریکی دەپۆشێت
منداڵەکان خەون بە یارییەکانەوە نابینن،
فرمێسک ژەنک دەگرێت
هەناسە دەبێتە چەقۆ
سێبەر، تارمایی
ژوانگەکان بە مین دەچێنرێن
درەخت دەبێتە خۆڵەمێش
هەور قامچی گڕ دەوەشێنێت
جوانی دەبێتە برین
ماڵ، گۆرستان
نیشتیمان، تاراوگە

تۆ نەبیت
منداڵەکان زوو پیر دەبن

پیری کەنەفت و بابردەڵە
باڵندەکان فڕینیان بیر دەچێتەوە
لەپەل و پۆ دەکەون
شەقامەکانی چاوەڕوانی بنبەست،
ڕەنگەکان دەمرن
قسەکردن دەبێتە لاڵی
گۆرانییەکان، کەڕ
ڕێگاکانیش ناچنەوە سەر یەک...

ئەی عیشق تۆ نەبیت
تەمی خەمۆکی رووخساری ئاسمان دادەگرێت
شەممە دەبێتە سێ شەممە
ئەمرۆ، دوێنێ
دارستان دەبێتە بەرد
سەرەتا
کۆتایی...

٢٠٠٧-١١-١٠

# ستایشەکانی ئاوێنە

ئاوێنەش لە سیمام ڕاماوە
دەڵێی نامناسێتەوە
بەگومانم کە من خۆم بم
منی میراتگری عیشقێکی ئەفسانەیی
لە وەرزی خنکانی هەناسەکان
بەدمەستی ئەفیونی گوڵەکان،
منی جێماو لە دووریانێ
سەرە ڕێیەکی مەرگە و
ئەویدیکەش لێژدەبێتەوە

بەرەو چاڵی فەنابوون..

لە یۆتۆپیای عیشقی تۆدا
سەفەر خەونی مەحاڵە
نەگەیشتنە بە بۆنی گوڵەکان،
ئاوێنەش بە گومانە
کە من خۆمم
یان ئەو نیم
ئەرێ تۆ بڵێی
ئەوە من بم
ئەدی بۆ هەرگیز لە خۆم ناچم
ئەوە رووباری رۆحی کێیە وشک بووە؟
رۆژگارێکە کەنارەکانی حاشا لەجەستەی دەکەن
ترۆپکی کام کێوە
بوومەلەرزەی نائومێدی
هەپروون بە هەپرووونی کردووە؟
گڕکانی کام تاوانە
سەراپا جەستەی گوناهەکانی داگرتووە؟

نا ئەوە من نیم
من دەمێکە ژیانم کاتژمێرێکی خەوتووە،
ئیدی چما ئاوێنە بمناسێتەوە
جارێکی دی ئامێز بۆ سەر گەردانیم بکاتەوە
من پیرێکی هەزار ساڵەم
لەوەتەی هەم
وێڵی شارەکانم
کەچی هێشتا لە سوچێکی
کوچەی عیشقی ئەودا بەجێماوم*
ئیدی بێهودەیە خەیاڵ
خەو بینین
لەنێو ژوورێکی تاریکدا
گۆرانی چڕین..
رۆژگار تێپەڕی و
خۆرەتاوی تەمەن ئاوابوو
پاسارییەکانی چاوەڕوانیش
لە ئێوارەیەکی پاییزیدا
بە نێو هەورەکاندا پەرت بوون

هەڵفڕین، هەر نەگەڕانەوە..
نە بەرەبەیان
نە دەمەو ئێوارە
هەنووکە شتێکم وەبیر نایێ
خەیاڵم تەنها لای پاسارییەکانە
بەڵام ئەو وێنەی تاووسێکی لە خۆبایی
جیلوەیەکی نیشاندام و ڕۆییشت،
ئاوازی شڵپەی شەپۆلێکی رەنگاورەنگی بۆ هێنام
لەگەڵ گۆرانی ماڵاوایی کەنارەکان
لەو هەموو گۆزەی شەرابە
پیاڵەیەکی یادەوەری تاڵی
بۆ کردمە یادگاری..

* ئەم کۆپلەیە کاریگەری ئەو دێڕە شیعرەی رۆمی لەسەرە:
(هفت شهر عشق را عطار گشت
ما هنوزاندرخم یک کوچه ایم).

# توخمەکانی عیشق

عیشق کتێبی رازەکانە
هێشتا کۆدەکانی نەخوێندراوەتەوە.

عیشقی ئەو خەستترین شەراب و
سادەترین خەیاڵ بوو
خەونی رەنگاڵەیی
منداڵێکی ساوا بوو،
عیشقی ئەو هەنگوینێکی تاڵ بوو
لە نێو گۆزەیەکی شکاودا ،

دەستێک هات و هەڵیگرت
وێنای پڵنگێکی کاغەزی
نێو چیرۆکی منداڵان
لرفی کرد...
کارمامزێکی چیایی بوو
ڕەدووی ئەندێشەی شاعیرێکی بەدمەست کەوت
ئیدی لەو ڕۆژەوە
پیتەکانی ئەڤین بوونە تەم
وشەکان بوونە شیعرێکی یاخی
لە شەقەی باڵیاندا
وێنەکانی یادەوەریی سڕانەوە
ئیستاتیکا واتایەکی نەبەخشی..

شەپۆلی قورسی ڕۆژگارێک ڕابرد
ئیدی لەوساوە نەکەس هەواڵی دەزانێ
نەچاوەکانی شیعرەکانی بۆ دەخوێننەوە
نە تنۆکێک باران سەردانی بەر پەنجەرەی ماڵەکەی دەکات
نە هەورەکانیش نامەیەکی بۆ دەنێرن

نە ئەستێرەکان شیعرێکی بۆ دەهۆننەوە..
ئێستا داخۆ لە کوێیە..
کەس نازانێت ڕێبواری کام سەرە ڕێیە
مەگەر هەر خودا بۆ خۆی بزانێت ئەو لە کوێیە،
هەر لەو ڕۆژەوە
درەختەکانی یادەوەریمان وشک دەبن
پاسارییەکیش نایەنە پرسەی گەڵا وەریوەکان
لەوساوە ساتەکانی دیدار، پیر بوون
کاتەکانی ژوان بەسەر چوون..
لەوەتەی ئەو باڵندە خەمناکەی
یادەوەری ڕەشپۆشە
هەواری عیشقی جێهێشتووە
شیعریش هەواری خاڵییە لە واتاکان
کەسیش نازانێ شاعیرە بەد مەستەکە
بەرەو کوێ ،
کام هەوار و تاراوگە باری کردووە،
ڕەنگە بە فیشەکێکی پەژیوانی
لە کونجێکی مەیخانەدا خۆی کوشتووە..

شاعیرە بەدمەستەکە منم..
ئێستاش کە جارجارە وڕێنەی یادوەرییەکانی ئەو دەکەم
تای شیعر دەمگرێت و
تا مردن بەرم نادات
ڕۆحم ڕووباری خوێنی شیعری
لێ دەچۆڕێ..

ئاسمان بەرەو ژوور هەڵمدەکێشێ
خاک بۆ ناخی خۆی ڕامدەکێشێ
ئاو دەمباتەوە نێو قوڵایی دەریا
گێژەنی شەپۆلەکانی هەڵمدەلووشێ
ئاگری یادەوەرییەکانی
بەرگی عیشقی ئەوم لەبەر دەکات.
دەبمەوە کوانووی مشتێ خۆڵەمێش،
هەنووکەش خەیاڵی عیشقی شێتانەی ئەو
هەناسەیەکی ژیانم پێدەبەخشێت..

٢٠٠-١١-٢٨

# چامەکانی عیشق

وێڵە سێبەری من
بە شوێن هەنگاوەکانت،
چاوی شار شەکەتە و ڕێگاش ون
بستێک نەما لە شەقامی نیگەرانی بۆت نەگەڕێ
چاوی شەکەتی  چاوەڕوانی من..
نە من و تۆ پێکدەگەین
نە هەرگیزیش لێکتر جویێ دەبینەوە.
شەو ناخەوێت
بەڵام کە تۆ
نیگات تیشکی ڕۆژە

فرمێسکت ئاوابوون
ماچت زەردەخەنەی مانگە
لێوەکانت خولگەی گەردون
تۆ چیرەی درێژترین چیرۆکی عیشق بووی
لە درێژترین رووباری برینداری عیشق دەچووی،
عیشقت خۆرەتاوێکە  بە دەستمەوە
تاریکی شەوی نیگەرانی راودەنێ،
کە ئاوێزانی یەکتر دەبین
شنەبا دەهۆڵ دەژەنێت
گەواڵەهەور سەما دەکات
فریشتە گۆرانی دەچڕن
برینەکان سارێژ دەبن
هەناسە دادەمرکێن

گڕکان خامۆش..
لە بێدەنگیتدا
تاریکی خۆی لە شەو دادەماڵێت
رۆناکی لە رۆژ
رەنگ لە خۆی

تۆش لە من..
دوو ئاراستەی جیاوازین
من و خۆم
گوڵێکی سوورم بەدەستەوە گرتووە
بە دەستێکی دیکەش شمشێر
کێڵگەی زامێک دەئاژنم..
من کە هەمیشە گوناهێکم کردووە
بەرەو ئامێزی تۆش دەگەڕێمەوە
رۆژگار رووبارێکە
بێ ئاوڕدانەوە
دەڕوا و
دەڕواو
ناوەستێ..
وێستگەکانی چاوەرونی هەرچەند سەختن
جێدەهێڵێت رێگا دوور و کاروان
بە هەموو وەرزەکاندا رادەبرێت
گەیشتن بە تۆش خەونی مەحاڵە
ئێستاش واگۆنێکی خاڵییە زێدی من..
دڵت تاشە بەردێک بوو

بە تەوشی عیشقی فەرهادانە هەڵمکۆڵی
بووی بە پەیکەرێک بۆ سیمبۆڵی
جاویدانەی عاشقان،
تۆ کە رەگت بە ناخمدا رۆچووە
عیشقی سەرشێتانەم خولیای هەورێک بووە
باران تاری بۆ دەژنێت
بروسکە ئاوێزان دەبێت بە تەم
هەناسەت ئاوێتە بە هەناسەم،

دووریت نزیکییە
بێدەنگیت تاریکییە
تاریکیت رۆناکییە،
لەو شەوە نووتەکە
لەو چاوەڕوانییە بێهودەیە
ئەگەر هاتی
چرایەکت بۆ هەڵدەکەم
خەرمانی گوڵەگەنمێکت بۆ دەهێنم،
تۆ کە کانییەکی لە فرمێسک
تریفەی مانگە شەوێکی لە زەردەخەنە

خۆرەتاوی زەردەخەنەی تۆ
هەرگیز ئاوا نابێ...
تۆ خەیاڵی وەک نیشتمان
هەگبەی خەمێکی دێرینی لە کۆڵمدا
سنورەکان دەبەزێنیت
یاساکان مەحاڵ پێشیل دەکەیت
تاوێ دەبیت بە هاودەمی زیندان و
تاوێ بە قوربانی و
نێچیری چەقۆی
رەشی دەستی تاوان.

تۆگەواڵە هەور
من ژانی بروسکە
تۆ زەریا
من شێتی شەپۆل
تۆ کێو و
من هەڵدێری لوتکە
تۆ ئاگر

من مشتێ خۆڵ
تۆ ئازار
من چەشتن
تۆ شار
من نامۆیی
تۆ وێستگە
من نەگەیشتن..

تۆ ڕێگای
هەموو ڕێگاکانیش بە تۆ دەگەن
منیش کوچەیەکی بن بەست
یەک هەنگاویش بە تۆ ناگەم..
دەرگای عیشقی من ئاوەڵایە
بە هاتنت پشکۆ و کڵۆبەفر
ئاوێزانی یەکتردەبن.

پاییزی ٢٠٠٩

# بەرلین لە ئابدا

لەبەرە بەیانییەکی باراناوی بەرلیندا
جادە چۆل و بێ سێبەر..
باران سەراپای جەستەی تەنیاییمی داگرتووە
دیسان نمەی باران بێ رەحمانە
رۆحی شەکەتمی داگیرکردووە،
لێرەش لە تەنێی تۆی بەجێی هێشتووم،
بەرلین نمە بارانێکی ساردە
هەولێریش لە دوورەوە گەرمای بەتینی سووتینەر
یادەوەرییەکانت

لێناگەڕێن پیاسەیەک بکەم
مەستی خەیاڵ بم
شیعرێکی عاشقانە بهۆنمەوە،
شەو وێنای قەلەرەشیکی دزێو
باڵی تەنیاییم بۆ دەکاتەوە
دیسان گاسنی نامۆیی ڕۆحم دەکێڵێت
بیری گەڕانەوەی تۆم بەسەر دادێت
لێرە لەو ساتەوەختە هەموو شتێ کۆتایی دێت
تەنها سێبەری خەیاڵی تۆ جێ دەمێنێت.

با هات
باران هات
هەتاو هات
شەوەزەنگ هات
مەرگ هات
تۆ هەر نەهاتی...

-١٠-٨-٢٠١٧ بەرلین-

# کۆلبەر

لەرۆژهەلاتی کۆژانەوە
لە نیشتمانی زام و فرمێسک وگریانەوە
تۆ لەشکۆی چیاکان
رەنگی بەفر وخوێنت گرتووە
گۆرانییەکی خەمباریت و
گۆرانبێژێکی عاشق سالەهایە دەیلێتەوە
هاواری قورگی خنکاوی پەپولەکانی
هەناسەت لەگەل ئاگرو باروت
تارمایی پەتی سێدارە هەلمژیوە

قەتماغەی برینێکی قووڵی
لە رۆحی خۆتدا هەڵگرتووە
هەڵۆی بەرزەفڕی یاخی بوونت
لەسەر شانتدا هەڵنیشتووە،
ئەوە تۆی
رەگت لە ناخی خاکدا چەقیوە
یادەوەرییت مێژووی خوێنە و
لەسەر کۆڵی شەکەتی زامی نیشتمانێک
دەنووسییەوە.

# تۆ لەکوێی...؟

لە نێو پیتەکان
وشەکان
چامەکان
چیرۆک و نۆڤلێتەکان
رۆمانەکاندا..
لەنێو قەدی گەڵای دارەکانی جەنگەڵ
لەسەرکەناری چەم و رووبار
تەنانەت دەریاکانیش
لەسەر ترۆپک و بناری کێو

لەسەر هەورەکاندا
لەژێر باران
هەنگاو بە هەنگاو
پێ بە پێ
بۆت گەڕام هەر نەتمدۆزییەوە
بەمن ناڵێی
تۆ لەکوێی...؟

# تا دەنگێک هەبێت

سەرمەستن بە بۆنی خوێن
بەهەڵدانەوەی قەتماغەی برینەکانی مێژوو
تینوو بەخوێنی رژاوی تەرمێک
کە لەبەردەم تریفەی مانگەشەوێکدا بەجێماوە،
لەبەر پەنجەرەی کام سەدەی تاوان
سەدەی نکۆڵی و سەربڕین
لەکام زۆنگاوی دڕندەیی
هەڵتۆقیون
بە زمانی نێزە و شمشێر

به شێرپەنجەی تەور
چامەکانی عیشق و سووتان
دەخەنە نێو مەنجەنیقی تاوانەکانتان،
شەوی گورگانە و کەڵبەی ژەهراوی
دەخەنە سەر دڵی سمۆرە ی دیل و
چناری زیندانیکراو..
سەرمەستن بە بۆنی خوێن..
ئێمەین  هەورە بارانین تەرمەکان دەشۆینەوە
لە سەر روخساری نەخۆشی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ
جێی چڕنووکتان سارێژ دەکەین
تا لە مانگەشەوی پڕ تریفەوە
دەنگێک هەبێت
لە پێدەشتەکانەوە
لەسەر ترۆپکەکانەوە
زایەڵەی نەڕەیەک هەبێت
دەنگی تۆ درەوشانەوەی نیگایەکە
بە ڕۆحی زامداری ئاسمان،
ئێی هەورەکان

هەورە سەرکەشەکان
ئێوە بۆچی؟
ڕوخساری زێڕینی مانگی پڕی ئێمەتان داگیرکردووە
ئاسمانی نیشتمانی ئێمەتان لەبیرکردووە؟
دە گیانی وەبەردبووی خەو ڕاچڵەکێنە
کە بە بیابانە قات و قڕەکاندا سەر هەڵدەبڕێ
چۆن لەسەر بست بە بستی ئەم خاکە
نە شەهیدێ
نە دووان،
نە هەزار
لەسەر خوێنی بەربووی گوڵاڵەسوورەکاندا
راکشاون...
مەگەر خوێنی رژاوی ئێوە
ناسنامەی ئێمە نییە؟
تا تروسکایەکی خۆر مابێت
لە قەندیلی سەرکەشەوە
چاو بۆ ئازادیت دادەگرێت.

# لە نێوجەنتایەکدایە..

ئاسمانی نیشتمانەکەم
سەر بە تەمە
باڵای خاک رەشپۆش
رووبار
کانی
دەشت
کێو
سەراسەر ماتەمە،
دوای تۆ باڵدار نافڕن
گوڵان هەڵدەورن

مەلی شیعر ناسترن
گەرووی شار
کپ و بێ دەنگ
چاو خەواڵوو
سەر و سیما بێ رەنگ
بێ تۆ هەناسە تەنگ
ئەستێرەکانیش ئاوا دەبن
روو لەئاسمانی شین
پەپوولەکان دەتۆرێن
گوڵە سپییەکان هەڵدەوەرێن،

چاوەڕوانیت چەند بێ واتایە
بێ ئۆقرەیی لە گەڕانەوەت
چەند بێهوودەییە
کە هەنگاوی قورسی رۆژگار
لە بەهاری تەمەندا تێپەڕی
گۆچانێکی میهرەبان نەبوو دەستم بگرێت،
ئەوە من نیم
رەنگە سێبەری من بێت
کۆڵان بە کۆڵان بە دووتا دەگەڕێ
ئەرێ کێ

مشتێک ئاسوودەییم پێدەفرۆشێت؟
من کە سەرگەردانێکی نامۆی ڕێگاکەتم
کێ پیاڵەیەک شەرابی جاویدانیم پێدەبەخشێت؟
مەگەر تۆ
خەونی ڕەنگاورەنگی پەپوولەیەکی دڵشکاو نیت
خۆزگەی وەریوی گوڵێکی لە بنپێدا پڵیشاو نیت
لەو ڕۆژەوە لە باوەشی نائومێدی عیشق و سوتاندا
ئۆقرەت نەگرت
لەسەر پشتی خەمەکانی ڕۆژگار
پاڵ کەوتی
سەرت هەڵگرت
نیشتمانت خستە نێو جانتایەک و
لە کۆڵت نا
وەک جانتای سەفەری خەونی ساڵانێک
پێت وا بوو ئەوە تۆی
بست بە بستی شاخ و دەشت و دۆڵی
ئەو نیشتمانەت
لە ڕۆحی خۆتدا هەڵگرت
کەچی هێشتا
سەرگەردانی بۆنی مشتێ خۆڵی،

تۆ شەپۆلی خەمێکی تۆراو بووی
لەسەر کەناری بێدەنگی ڕاکشای
لەچاوەڕوانی هەواڵی
گەڕانەوەی ڕێبواری ڕێگایەکی دوور
تا هەواڵ لە دوورگەی بە گڕ پاسدراوی
لەودیو سنوور
کە چەتەکان سروودبێژی سرووتی دارمانن
بەسەر یادەوەرییەکانی مێژووی خۆیاندا کەوتوون،
لوورەی گەلەگورگن
داناکەسێن
ئەڤینی پێدەشتی مەحاڵی
ئێمە تەی دەکەن
بۆ ماچی گڕ
بە سەر شەپۆلی گڕکاندا تێپدەپەڕن
لەنێو ڕۆحی برینداری ئێمەدا
ئەڤین دەکەن بەمشتێک خۆڵەمێش..

فەرهاد نەبووی
کەچی کێویش نەما

تاشەبەردی خەیاڵی
لێ هەڵنەکۆڵی،
بیابان نەما
لەکۆچەکانتدا گەردەلولی لم داتنەپۆشێت
شەقام و کوچە وکۆڵانی شاری حەسرەت نەما
بۆی نەگەڕێی وەکو شێت
بووی بە میوانی شۆستەکانی نامۆیی،

چیاکانم خستنە سەرپشت
سواری پشتی شەپۆل بووم
رەوتی دەریام راگرت
هەنگاو بە هەنگاو بۆ تاوێ دیداری تۆ
هەرچی بیابان هەیە
تەییم کرد
مەرگی خۆمم بۆ کردی بە دیاری
مەگەر نازانی لەنێو جەنتایەکدایە ئەو دڵە شێتەی من
نیشتمانی من..

# تۆیت یا نا

پێم بڵێ..
لەو هەموو تەنگەتاویەی ماڵاواییدا
دوایەمین گۆرانی ژیانم
تۆی یا نا؟
لەوهەموو بێهیودەیی ساتەکانی دارمانم
دوایەمین هەناسەکانی جاویدانەی ئەڤین
تۆی یان نا؟
پێم بڵێ
بەڵام نەک بە زمانی تاڵی مردن

که له قورگی پاسارییه‌کاندا ده‌گه‌ڕێ
یان له سه‌مای مه‌رگی ئه‌و گه‌ڵاوه‌ریوانه‌ی
که خه‌زانیش نه‌یه‌ت، که‌چی هه‌ڵده‌وه‌رێن..

من که نازانم بۆ له روانینی ئه‌و چاوانه‌ی
که هه‌میشه له په‌راوێزی ئاوێنه‌دا جێ ده‌مێنن
یان له مه‌ودای گه‌ڵا زه‌رده‌کانه‌وه
مه‌ته‌ڵی پاییزه‌کان ده‌هۆننه‌وه
یان له ساته‌کانی ئه‌وپه‌ڕی بێهوده‌ییم
بیر له هاتنی تۆ ده‌که‌مه‌وه
تۆش هه‌میشه بیر له‌مردنم ده‌که‌یته‌وه،
بیر له که‌سێک ده‌که‌یته‌وه
که هه‌رگیز نایه‌ت
ده‌روازه‌کانی به‌خته‌وه‌ریت بۆ واڵاکات
نامۆ به خێڵی له‌باربردنی گوڵه‌کان
ئه‌تککردنی ئاو.
پێم بڵێ
ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌تێک ماوه بۆ هه‌ناسه‌دان

بۆ ئامێزی گەرمی ئاسوودەیی پاساریيەكان
بۆ ئاشتەوایی نێوان چقڵ و گوڵەكان
ئیدی ئەگەر نەبیت
بە چاوساغی بەرلەشكری خێوەكان
من لە ئێستاوە رادەستی تۆم
ئاڵای سپیت بۆ هەڵدەكەم..

رەشەمە ٢٠١٦

# گۆڕبزر

نەتزانی ئەو کێیە؟
ئەو کە لەگەڵ هەورە برووسکەدا گۆشکرابوو
شیری لە مەمکی تاشەبەردەکاندا دەنۆشی
لە ناو خاک وخۆڵدا پاک دەبۆوە
بە ئاوی زوڵاڵی رووبار خۆی دەشۆری
لەسەرماو سۆڵەشدا
بەرگی ئاگری دەپۆشی
ترۆپکی کێوەکانی دەکرد بە ماڵی خۆی
بۆ ژوانی ئەستێرەکان

بست بە بستی چینەکانی ئاسمانی دەپێوی
هەر نەتزانی ئەو کێیە؟
ئەو هەڵۆی بەرزەفڕی حەوت چینەکەی ئاسمان بوو
لەسەرباڵی
خەمەکانی نیشتمانێکی هەڵگرتبوو
تیری کەوانی گەردەلوول بوو نەگەڕایەوە
تووڕەیی هەڵچوونی دەریا بوو
هەنگاوە شەپۆل ئاساکانی
بۆ دواوە ئاوڕی نەدایەوە
ڕۆیشت و بە ڕووی شاخ هەڵکشا و
دواجار لوتکەکانی کرد بەماڵی خۆی،
کەچی ئەوان بۆ خۆشیان نازانن
بۆ هێند کەڕولاڵ و کوێرن
ناتوانن بەری خۆرەتاویش بخوێننەوە
چما بەری ڕووناکییان گرتووە
لە نەبوونی توولەڕێیەکدان
لەغیابی مردووەکان
گۆڕستانیش بەنەفرەتی کردوون،

ئەمێستا لە باتی تۆ
ئەو مەشخەڵێکی بەدەستە
عاشقە سەرسەختەکەی باو بارانە
نە خاکی سەر زەوی
نەچینێک لە چینەکانی ئاسمان
نە گەردوون لەخۆی دەگرێ
لە وەرزە قات و قڕەکاندا
لافاوێکی تووڕەیی
پێیدا دەڕۆی
هەرچی خەڵتەی ستەمی رۆژگار هەیە ڕایدەماڵێ
هەنگاوی هەڵدێنی
بەرەو لوتکە دەڕۆی
لەوێوە لەهەتاو ڕادەمێنی
دەبینیت کە چۆن عاشقانی هەتاو
خوێنی خۆیان لەناو لەپی خۆیان کردووە
لەگەڵ مەرگدا سەما دەگێڕن
ئەوان لەگەڵ هەورەباراندا دەبارن
تیشکی هەتاو ئاسا

پڕشنگ دەهاوێنە  ماڵی هەژارەکان
سوچێک نییە
ڕووناکی  نەکەنەوە..
لەوە زێتر کێ دەتوانێ
سەری خۆرەتاو ببڕێ؟

تا ئەوان هەبن
خۆرەتاو هەیە
لە بەهارێکدا سەوز دەڕوێننەوە
لەگەڵ کشانی هەر ئەستێرەیەکدا
جریوەی دەرکەوتنی  سەدان ئەستێرەی تر
سروود بۆ بەرەبەیان دەچڕن.

# بەردباران

نیو سەدەیە
بە گـژ مەحاڵدا چوومەوە
نیو سەدەم لە تەمەنی بەدبەختیدا بە ڕێ کرد
خەونی منداڵیم هەر لە بێشکەدا هەڵبزرکا
گەنجێتم خوێنی چۆڕاوی بەرخێکی سەربڕاو بوو
لەبەردەم قوربانگەی نەریت و خورافەدا...
نیو سەدەم لە حەسرەتی زیندان و
داستانی ئاوارەیی بە جێما
نیو سەدە.. تێپەڕیم

بە نێو کێڵگەی بە مینچێنراوی چەتەکانی سیاسەتدا
دەروێشانە لە نێو حەلقەی زیکری عاشقاندا حاڵم گرت،
ئەمێستاش تەرمی خەونەکانم
لە کۆڵی خۆم ناوە
بەرەو ونگەیەک رێم گرتووە
خێڵی ریاکاران بەردبارانم دەکەن

# من شێتەکانم خۆش دەوێن

چەند جوان و میهرەبانن
لە بەرەی عیشقی پاکی فریشتەکانی یەزدانن،
من کەسێک دەناسم گوایە شێتە
شێتیش نییە..
شارەکەمی بە درۆ گڵاو کردووە
لە بەیانی تا ئێوارە
بە ریاکاری و بووختان دەرشێتەوە
کووندەپەپۆی شوم ئاسا بە خۆی و
هەگبەیەک کینەوە

دەستەو ئەژنۆ
لەگۆشەی چایخانەیەکی شارەکەم دادەنیشێت
پسوولەی ناپاکی و خیانەت
بەسەر ئەم و ئەودا دەبەخشێتەوە
من کەسێک دەناسم گوایە شێتە
مخابن لە شێتە جوانەکانی شارەکەی من ناچێت
رەنگە ئەو لە پاشماوەی خشۆکەکانی سەردەمی بەردین
یان لە توخمی قالۆنچە و سیسرکە بێت
لە روالەتدا هەر لە بۆقێکی کەچەڵ دەچێت
لەناخەوەش  کەمتیارێکی گەڕی چاپلوس
سەرزمانی چزووی مارە
بنزمانی ژەهری رەشی دووپشکە
بە خەیاڵی نەخۆشی خۆی داهێنەرە
ئەرێ داهێنەری جنێو و بوختان
وەلێ ئەو بێ هەست و
 بێ مێشکە
گوایە  نێرەکەرێکی نوێخوازە
تەغرییبە

نووسەری چەندان راپۆرت و
نووشتەی خورافییە
من دڵنیام ئەو داهێنەرە تەغرییبە شێت نییە
سیخورێکی کەللەپووتە
بێسەوادێکی ئەزەلییە
ئاخر ئەو نازانێت
من شیتەکانی ئەو شارەم چەند خۆش دەوێت.

# تاووسەکانی لالش

**-بۆ پاکیزەکانی شەنگال-**

دەڵێی خۆرەتاوی ئەم هەوارە نامۆیە
بۆ هەسارەیەکی دیکە سەری هەڵگرتووە
دیسان ئەم هەوارە لاوکی پەژارەیی
ئەفسانەی مەرگی تاووسەکانە
خۆرەتاو لێرە بەرگی تاریکی پۆشیوە.
ئیدی من بەگومانم
وەک گومانی بوون لە نەبوونم
مەرگ لە ژیان
کە ئەوجارە خۆرەتاوی هەسارەکەی ئێمە

لە ئاب هەڵبێتەوە
کەسیش نازانێ لەسەر تاشەبەردی بێدەنگی و
کەرِولاڵی ئەم گەردوونە
چ نامۆییەکی بێ ناونیشان
لەبەردەم تاریکیدا
لەبەردەم گەلەگورگی بیاباندا خەوتووە.
هۆ تاووسەکان
هۆ تاووسە خەمبارەکان
تاووسە بە خەم ئاوسەکان
مەگەرئێوە نین
لەخۆتانیش نامۆن و
پشتتان کردۆتە رەنج و شەکەتی بێهودەییتان
لەوەتەی هەن
لەوەتەی زەوی و ئاسمان
لەوەتەی بەهەشت و دۆزەخ هەیە
بەرگەی ئازاری قامچی گڕی رۆژگار دەگرن ،
مەگەر ئێوە نین
لەو هەوارەی بە خەم و فرمێسک ئاوسە

لەو پەرستگایەی بە ژان تینووە
هەمیشە بۆ سەرگەردانی
لەم سەر تا ئەوسەری دنیا لەسەر پێن
بۆ فەرمانی مەرگی بەکۆمەڵتان
لەدایک نەبوون؟
یان لەگەڵ کوشتنی پەپوولە عاشقەکان
بەردبارانی گوڵەکاندا
چاوتان نەکردۆتەوە،
وەرزەکانی کۆچ دێن و دەڕۆن
گەواڵەی بێداری دەم ڕەشەبا ش
نازانێت چ زستانێکی سەخت و تووشی
نێزە بەدەست
بەئاڵایەکی ڕەشی چڵکن
خۆی بۆقات و قڕی ئەو دارستانە لە بۆسە ناوە
پەیام دەبانێکە و سەری یەکەیەکەی درەختەکان دادەپاچێ
بە گڕی نێزەکەی بەفرستانیش دەکاتە خۆڵەمێش..
تاووسەکان بەنێو نێزەکاندا هەڵدەفڕن
لەوەرزی کۆچی ئەوجارەیان

نە ئاورِ بۆ دواوە دەدەنەوە
نەدەگەڕێنەوە
بۆ ژوانی عاشقە سەربڕاوەکان ،
ئیدی لەورۆژەوە
هێلانەکان خۆڵەمێشن
درەختەکان وشکەڵاتوون
چەمەکان سەربەرەو ژوور هەڵگەڕاون.
ئەریّ... داخۆ ئێوە
لە ئاست موعجیزەی کام کتێب
کام پیرۆزییەکان
شەرعیەتی مەرگتان پێ ڕەوا بینراوە
بۆ بێ داڵدەیی خۆتان هەمیشە عاشقانە
وەک درەختەکان بە پێوە نەمردوون
ئێوە جگە لە گۆڕی زیندە بەچاڵەکان
وڵاتێکی دیکە بەدی ناکەن؟
ساڵانێکە گەواڵەهەوری ئاسمانی هەواری ئێمە
چاوەکانی سوور هەڵگەڕاوە
لەنێو کوورەی ئابێکی قاتوقڕیشدا

هەر بارانە و دەبارێ
بارانی خوێن
دڕک و داڵی پێدەشت
تاشەبەردی کێو
دۆڵ و دەراوی
بەرەنگی سوور پۆشیوە،
تاووسەکان سەرهەڵدەگرن
گۆرانی ئەوینی ئاگرینی
گەواڵەهەور و
رووتبوونەوەی درەخت و
نزاکانی سووتانی بەرخۆرەتاو
سپییێتی پاکیزەیی بەفر دەچڕن
هەر تەنها خۆڵەمێشە
بەرامەی خاکی پاکی یادەوەرییەکانی لالشە
لەو رۆژەوە
ئیدی تاووسەکان خەون بەمەزاری گوڵەگەنم و
نانی رەقی سەرخوانی هەژارەکان نابینن
خەونەکانیان نابێتە سەرچاوەی تریفە

بۆ دەشتی تامەزرۆی ئاو و تاو
یان لە شەوی تووشی زستانی سەختی
دەور ئاگردان
دڵیان بە خەونی گەرم و کڵپە خۆش دەکەن
نزا بۆ گەڕانەوەی عاشقەکان دەکەن.
ڕۆژگارێکی تاڵ و تارە
دڵ بە ژان و سۆ
ئاخرخودایە گوناهی ئەوانە چی بوو؟
بەو دەردەیان بردن...
زمانت لەقفڵ دان
چاوەکانیانت هەڵکۆڵین
ژەهری نەفرینت بەنێو خوێنیاندا گەڕاند
ئیجازەت بە خێڵی بیاباننشیندا
بەزەبری کینەی نێزە و کەلەسەری بڕاو
ئاتاریان لە سەر پاتاریان نەهێشت،
نێزە بەدەستەکان بە ناوی خوداوە هاتن
سەنگەری پڕژاوی هیوایان رووخاند
مامزە پاکیزەکان

دارو بەرد وکانی
چەم و چیا
گوڵەکانیان لاقە کرد.
ئەی ئەوانەی بۆ خاتری بۆنی خونچەگوڵێک
هەرچی گوڵەباخ و گوڵەمێلاقە و مێخەکە لێیان وەراندین
سڵاو ...ئەی گوڵی جوانی هەڵوەریوی نەوبەهاری لالش
ئەی پەپولەی باڵشکاوی نامورادی
ئەی کارمامزی لەخوێن گەوزاوی ئازادی..
سڵاو ئەی سروودی قووڵایی زەوی
ئاوازی کەشکەڵانی ئاسمان
بۆ دیداری دڵدارانی خۆرەتاوهاتووم
تا وتاری دڵ دەگاتە دێڕی کۆتاییم
تا لە نێوانی کۆڵ و زامدا کەمێک ڕامێنم
سوێند بە منداڵانی دەرک و کۆڵان
پۆلی مامزانی هەتککراوی بێ سەروشوێن
لەکونجێ چاوەڕێی گوێسوانی بانان
دیمەنی کلۆڵی پیرە دایکان ببینم
هەر لەگەرمەسێر

تا ساردەسێر
لەبەر دەرگاکانی چاوەڕوانی گەڕانەوەتان وەستاون
لەترپەی دڵی بێدەنگی شەوگار
بێدەنگیتان کەوتوونە ئاخاوتن..
تەماشاکەن  تاووسەکان بە پێ دەڕۆن
بە دەست و باڵی سەرکەوتن
درێژە دەدەن  بە مەودای دووری بێدەنگی،
ئەوێستا  لەگەڵ پۆلی کیژانی بێ سەروشوێن
بەرەو لالش هەڵدەگەڕێن
بە شوێنی تەرمی تاووسان دەگەڕێن
لێرەو لەوێ
چی بەسەرهات و نەهات هەیە
وەک خەون بۆ منداڵان دەگێڕێنەوە
وا شۆرەسواران
وە ڕێ کەوتن
لەلالش وەسەر کەوتن

# یادەوەریی پیاڵەیەکی بەتاڵ

بەرەبەیانە و هێشتا پیاڵەکان
وەکوو چاوە شەکەتەکانم بێدارن
من پرچی ئاڵۆزی خەیاڵ و
بەرەبەیانیش پرچی خاوی خۆرەتاو دەهۆنێتەوە،
پیاڵەکان، بە وێنای هەستەکانم شکاون
نەستم ئاسا پەرش و بڵاون...
دەڵێن لە نێوان هەڵدان و شکاندندا
ئەو دەستانەی لە ساتەکانی مەستی رازان و رامان
شەوی تاری شەونخونی تەمەنی تاڵ

بە هێوری ئاوا دەبن
دەست لێکبەرەدەن
مات و بێدەنگ
شکستە باڵ
وێنەی مەلی تەریوی نێو قەفەس
گوڵە سپییەکانی یادەوەریمان رەش هەڵدەگەڕێنن.
گوڵە سپییەکان
چەندە سارد و سڕ و خاون
بێ شنەی هەناسەی تۆ هەڵدەوەرێن
مەلی تاراوی شکستەباڵی خەوی منیش
روو لە ئاسمانی تەماوییە
لە نێو هێلانەی ساردوسڕی بێ ئومێدیەکاندا بەجێماون.
مەلی بەرەبەیان باڵەکانی بێداری خۆی رادەوەشێنێت
بێ ئۆقرە لەو چاوەڕوانییە بێهوودەیە هەڵپڕووکاوەم
ئاسمان کش و ماتە
نە حەپە حەپی سەگ
نە نووزەی کوکوختییەک
نە خشەخشی دڵۆپە خووناوێکی سەر گەڵاکان دێت.

بەرەبەیانە و هەموو شتێک بێ چرپەیە
مەگەر کۆستی ئەو چامەیە پڕ کسپەیە
مەلی خەوی چاوی بێداری من نەبێ
باڵەکانی تێکناوە
بۆبێهودەییم دەچریکێنێ،
ئەوە نییە
لە دوورەوە
بۆنی هەناسەت دەکەم
لە دوورەوە
.. تامی ماچەکانت دەکەم
خۆرهەڵات و هەر چەند دەکەم خەوم نایێ
چاوەڕوانی گەیشتن بە دیداری تۆ
بۆتە مەحال،
ڕێبوارێکی ونبووم
ناونیشانی تۆش وێستگەیەکی نامۆیە
نازانم ئەو شەفەندەرە بێ ئامانە
ڕێگایەکی سەخت وقاچاخە
کەنارێکی نائارامە

ئاوازی گۆرانیەکی  قەدەغەیە،
من کە هەنگاوی قورسی رۆژگارم
لە بەهاری تەمەندا تێپەڕی
چاوم کز و مووی سەرم سپی
روانینەکانم  مات و ماندوو
گۆچانێکی میهرەبانیش نییە دەستم بگرێت
یان هاودەمێک، ئامێزی تەنیاییم بۆ بکاتەوە،
 ئەوە سێبەری منە
کۆلان بە کۆلان بۆت دەگەڕێ
بەو بەرەبەیانە و هێشتا
 ئەستێرە  چاوبزەکان نە خەوتوون
تۆش  نە ترووسکاییەکم پێدەبەخشیت
نە مشتێک ئاسوودەییم پێدەفرۆشێت
نە پیاڵەیەک شەرابی خەستی خەوێکی قووڵم پێدەنۆشێت،
خۆرهەڵات و مانگیش لەپرخەی خەودایە
سەراپا لە نێو خەوێکی قووڵدا خەوتووە
مەگەر ئەوە منم  بوومەتە خەونی رەنگاورەنگی
پەپوولەیەکی باڵشکاو

خۆزگەی وەریوی گوڵێکی لە بن پێدا پڵیشاو
لەباوەشی وەرزێکی نائومێدیدا
ئۆقرەم گرتووە
لەسەر پشتی خەمەکانی ئەو گۆچانە پاڵ کەوتووم
بەرەو نامۆیی ئەبەدی سەرهەڵدەگرم.
بەربەیانەو مەلی خەوی تاراوی من
شەپۆلێکی خەمێکی تۆراوە
لەسەر کەناری بێدەنگی شار راکشاوە
یاساوڵەکان چەتەی بیابانن
سروودبێژی سرووتی دارمانی پەرستگای عەشی ئێمەن
بەسەر یادەوەرییەکانی مێژووی خۆیاندا کەوتوون
ئەڤینی پێدەشتی مەحاڵ تەی دەکەن
دوای تۆ
کێو نەما تاشەبەردی خەیاڵی تۆی لێ هەڵنەکۆڵم
بیابان نەما لە کۆچەکانتدا گەردەلول دامنەپۆشێت
کوچە وکۆڵانەکانی حەسرەت نەما
بۆت نەگەڕێم وەکو شێت
بووم بە میوانی شۆستەکانی سەرگەردانی

بۆ ماچێ گڕبە سەر شەپۆلی گڕکاندا تێپدەپەڕیم
سەرماوسۆڵەی زستان بەرگم بوو
قرچەی گەرمای هاوین چەترم
ئەڤینت درەختێک بوو
هەرچەند پەل و پۆ و قەدیان بڕییەوە
رەگی قووڵی لە وەرزێکدا سەرهەڵدایەوە،
دوای تۆ خۆر هەڵات
نازانم مەلی باڵشکاوی خەوی من
بۆ کوێ هەڵفڕیوە..

# عاشقترین عاشق

دوورترین ڕێگا
لەنزیکترین خاڵەوە دەست پێدەکات
سەختترین هەڵەموت
بە هەنگاوێ تەواو دەبێت
تاریکترین شەو
لە بەرەبەیاندا ون دەبێت
ساردترین زستان
لەگەڵ یەکەم هەناسەی بەهار
ئاوا دەبێت..

گەرمترین هاوین
لەگەڵ یەکەم سروودی خەزان هەڵدێت
تاڵترین ژەهر
کە عاشق نۆشی
دەبێ بەکلۆ شەکر
گەرمترین ئاگر
کە داوێنی دڵی گرت
خامۆش دەبێ وەک رنووە بەفر
عاشقترین عاشق منم
لێرەوە عیشقی من دەست پێدەکات
ئەی نزیکترین رێگا
رووناکترین شەو
گەرمترین زستان
شیرینترین ژەهر
خامۆشترین ئاگر.

پاییزی ٢٠٠٥

# پڕم لە عیشقی تۆ

پەنجەکانم تامەزرۆی پەنجەکانتن
لێوەکانم تاسەباری لێوەکانت
تاڵ تاڵ
گەڵای پرچت دەهۆنمەوە
لەنێو مێرگی سەوزی چاوەکانت
وەنەوزێ دەدەم
سێوی سووری کۆڵمەت دەرنمەوە
لیمۆی زەردی لێوت دەمژم
سمۆرەی دڵم

ئاوێزانی چناری باڵات بووە ،
هەناسەم
ئاوێتەی هەناسەت دەبێ
خوێنم ، تێکەڵی خوێنت،
عیشقت سەرابێکە
ڕێگای نزیکم لێ دوور دەکاتەوە
شەوگاری تارم ، ڕووناک
دەبێتە خۆرەتاو
لەسەرماو سۆڵەی زستانی تووشی زەمەن
گەرمم دەکەیتەوە
تەنیایی ژوورە ساردو سڕەکەی ناخم
پڕ جۆش..
عیشقمان سەرابێکە
واتایەکی دیکە بە خەیاڵی ژیان دەبەخشێت،
عیشقمان شەرابێکە
تیرو خەست
هەمیشە مەستمان دەکات
قەڵەمێکە تۆماری لە دایک بوونێکی تر

دەنووسێتەوە،
کە من و تۆ لە ڕەگێکی دیکە خوڵقاوین
زەمەن دەوەستێت
شوێن واتایەک نابەخشێت،
ئەی جوانتر لە جوانی
میهرەبانتر لە میهرەبانی..
کە لە عیشق و مەحاڵ دەدوێین
هەرچی باڵدار هەیە هەڵدەفڕن
ڕووبارە سەر مەستەکان لە ڕۆیین دەکەون
سەرەنجام
هەرچەند دەروازەکان
بە ڕوومانددا داخراون
ڕێی گەڕانەوەشمان بۆ نییە
یاساوڵەکان ، تارمایی ئاسا لە دوومانن..
بە شەکەتی و تاک و تەنها
لە پشت شورای پۆڵاینی نیگەرانی
بە جێماوین.
لە دوورایی دوورەوە

دەنگت دەخزێتە نێو قورگم
هەناسەت دەچێتە نێو سییەکانم
ڕەنگت
ڕەنگدانەوەی ڕەنگی منە
دەنگت
زایەڵەی دەنگی خنکاوی منە،
هەنگاوەکانم شێتانە دەچەقن
ئەسپەکەشم بریندارو تینوو..
ئەی ئەفسانەی
سنوورە بەزیوەکانی ماقووڵی
تۆ برینی جیاوازییەکان هەڵدەوشێنیەوە
لە فەرهەنگی قاچاغی
عاشقە دۆڕاوەکاندا
زمانێکی دیکەی مەحاڵ دەنووسیەوە.

پاییزی ٢٠٠٥

# پاسارییەک دیَ

وێڵ بەدوای  دواگۆشەی خەڵوەتی
شاری مەیکەدەنشینان
زامی نووچدانی
لە بەردەم دەروازەکانی مەرگدا
ئاوێتە دەبێتەوە
بە گەڵا وشبووەکانی یادەوەری،
هەنگاوەکانی  تێراو بە کۆچێکی ناوەختە دەکاتەوە،
لەو هەوراز و نشێوەدا
لەو ترۆپکە سەختەدا

لەو بنارە خۆڵەمێشییە
لەسەر کانی ئەو گوندانەدا
چەند جووت کەوشت دراندووە؟
عیشقی سەرهەڵگرتووی ڕێبوارێک بوو ، بێ ئاوردانەوە
سەری هەڵگرت
ڕۆیشت بەرەو نادیار،
ئێستاشی دەگەڵدا بێت دەڕوا
بە نێو شاری لە تەم هەڵکێشراو
شاری دەروێشانی مودمین بە عیشق و خۆکوژی
لە سێبەری خۆی ناڕوانێ
سەرمەستانە سروودی مەرگ و ئەڤین دەڵێتەوە
نەفرینی چ کەرنەڤاڵێکی شێتانەیە
کەژاوەی بووکێنی تەم
بەرەو مەنزڵی تڕاویلکە بەڕێ دەکەوێت
دەفی ژیان دەژەنێت...
ئاوێنەکانی خەیاڵ وردو خاش دەبن،
لەنێو ئەو پۆلە پاسارییە کۆچەرە
پاسارییەکی سپیپۆش دێت

لە چاوەروانی  بێهودەیی
لە گلێنەی چاوەکانیدا تروسکایەک هەڵدەقووڵێت
 رۆژە تاریکەکانی رۆشن دەکاتەوە
شایی بۆ ژوانی ئەڤینداران  دەگێڕێت،
پاسارییە سپیپۆشەکە
چیرۆکەکانی یادەوەریی هەور و
 فڕینەکانی
 بە زیوان دەسپێرێت ،
تا چاو دەبێ بە تاڤگەی
فرمێسکی خورەم
بە سەرگەردانی
بە سەر شووشەی وردو خاشی ئاوێنەکان دا
گوزەر دەکات
لەنێو ئەو تەمە دەبێتەوە ئایەتی گوناهێکی دێرین
بەر نەفرەتی خوداوەندەکان دەکەوێت
تا هێلانەیەک لە سێبەری  پەڕە وەریوەکانی چێ بکات
باڵی میهرەبانی بکاتەوە
لە ئاست سووتانی بەر خۆرەتاو

سەرمەستترین سروودی عاشقانی
شاری مەیکەدەنشینان بچڕێ
پاسارییەکە دەگەڕێتەوە
پەڕەیەک لە باڵی
ڕۆژمێری
یادەوەرییەکانی بەردەداتەوە
دواتر خۆی دەخاتە نێو کانییەکی زولاڵ
پاساری باڵەکانی سێبەری مێرگێکی جێماون ،
ڕەنگە لە بنارێکدا
هێلانەیەک
بۆ بێچووەکانی چێ بکات
یان لە بزنە ڕێیەکدا
ببێتە چۆڕێ ئاوی زولاڵی کانی
بۆ نێو قوڕگی ڕێبوارانی شاری سەراب
یان
لە ئەفسوونی چیرۆکی بوون و نەبوون
حاڵی بێ
ئای چ گەمەیەکی پووچە نەمری

چ وەهمێکی جوانە لە دوورایی ڕوانین بۆ ئاسمان،
پاسارییەکە دۆنەکەی فڕێدەدا
دەبێتەوە شازادەی خەیاڵی چیرۆکی
بەردەم دەروازەکانی ژیان
لە شەوانی نووتەکی کۆچی شاسوارەکاندا
دەروازەکانی مەرگ دادەخات
ئەفسوونی بوون بەتاڵ دەکاتەوە
دەڕوانێتە زەردەخەنەی بێگەردی
جوانتر لە جوانی
لەبەردەم تەرمی پاسارییەکان
نوێژی عیشق دادەبەستێ
گوناهبارانیش دێن بەناوی تۆوە
بەردبارانی دەکەن،
ئەو شارە لە خاچ دراوە
چاوەڕێیە گەردەلوولێک هەڵبکات
نەفرەت لە تەخت و تاراجی
ئەو کەرنەڤاڵە ڕەشپۆشە بکات
خدریش نایێ

نزایەک بۆ رۆحی هەڵپروکاوی گیاکان بکات
تا لە بەردەم  پاسارییە پەڕو باڵکراوەکان
 دوانامەی باران
بۆ گوڵە گەنمە رەنگزەردەکان بخوێنێتەوە،
تا پاسارییە کۆچەرییەکە دەگەڕێتەوە
مزگێنی  بۆ
درەختەکان وشکبووەکان  دێنێ،
باڵندەکانی چاوەڕوانی دەمرن
لانکی بێداری شەو رادەژەنن
پاسارییە سپی پۆشیکە
لە خۆی دەپرسێ
 بوون لە نەبووندا
چ خەونێکە..
گۆرانییەک دەسترێ
شەپۆلی خەیاڵی
بەرەو کەناری بێهودەیی رایدەپێچێ
ئاوێتە دەبێتەوە بە تەمی شاری غوربەت
شەقام

گەڵا

باڵندەکان

لەنێو تەمدا بزر دەبن..

هەموو شتێ بۆنی تۆیان لێدێ

چاوێک  لەو دوورگە دوورەوە تێی دەڕوانێ

بە دەستەکانی ئاسۆ دەگرێت

سەما بە جۆلانەی بەرە بەیان دەکات.

# ئاوێتەم بە

دەڕۆم هەرچەند سەرسەختانە
سەرمەستانە وێڵم
بە دوو سەرابی عیشقی مەحاڵی تۆ
لەم بیابانی حەسرەتە بەتاقی تەنێ
کێڵی گۆڕێ جێ ناهێڵم
بۆ یاداشتی عیشقی نێوان من و تۆ..
بەنێو خێڵی تارماییەکان ڕێ دەبڕم
شوێن پێی هەنگاوەکانت هەڵدەگرمەوە
فەرهاد ئاسا بەتاقی تەنێ

کێوی برینەکانم دەکێڵم..
لە دوورەوە هەناسەم ئاوێتە دەبێ بە هەناسەت
ڕۆحم دەچێتە نێو جەستەت،
لە نزیکەوە هەناسەت ئاوێتە دەبێ بە هەناسەم
ڕۆحت دێتە نێو جەستەم.

بەهاری ٢٠٠٦

# کوڕی خۆڵەمێش

کێ بوو پشتی کردە باخی بیرەوەرییەکان
نەفرینی بۆ گوڵەکان نارد
لە بەردەم بووکی بارانی
عیشقی خودابیمان
تاجی دڕکنی لەسەر کرد
چەتری شەرمەزاری هەڵگرت؟
گوناهی باران بوو
بێشەرمانە تەڕی کردین
لە شیعرەکانی ڕووت کردینەوە

گوناهی باران بوو
ئاوێزانی ڕۆح و جەستەی
لێ یاساغ کردین
عیشقی خودایی
لێ قاچاغ کردین،
ئاخ باران تۆ کە پیرۆز بووی
بۆ وات لێکردین
لێکت کردین ،
ئای گوڵە سپییەکانی دوێنێی پڕهێویم
هەنووکە بۆ ناپرسن
پەڕەکانی یادگاریمان
ڕەش هەڵگەڕاون ،
ئەوە کێیە
بەم ناوەختە
چاوەڕێیە
سوارێکی ئەسپدز بێت و
هەڵیبگرێت
تا ناو لەپی بەختەوەرییەکانی بخوێنێتەوە

چاوەڕێیە وەکو گەرداو
لەسەر پشتی شەپۆلەکان
خەون بە پەڕینەوەی
ئەو دیو کەنارەکانی ئاسوودەیی ببینێت ،
چاوەڕێیە
فریشتەیەک بێ
لەو شەوەزەنگە
دەروازەکانی خۆرەتاوی بۆ بخاتە سەرپشت
چاوەڕێیە
دارستانێک خەون
بکاتە چەپکێ خۆڵەمێش
پەرداخێک زەردەخەنە
لە سەر مێزی رەبەنی
تەنیایی خۆی بخواتەوە ،
بە باران بڵێ
سوپاس
لە عیشقی خودابیت
رووت کردینەوە..

# چەمەرییەکانی من

زیخەڵانە هەواری ئەم پیرە درەختە کلۆڵە
کە لە بەری وشکبووی پەلکە گیاکان
چەندین وەرز
چەندین ساڵ
هەر خوێنە بەرگی گەڵاکان،
درەختەو سێبەری بۆ خۆی نییە
لە ڕەگەکان هەڵگەڕاوەتەوە
من نەمزانی
ئاخۆ رەگەکان لە رەگەزی بەرد بوون

تا گەڵاکان
تەرم ئاسا بێناز هەڵبوەرن،
لە پاڵ ئەو سێبەرە سوورانەش
چەندین خەرمانەی تەرمی زیندوو
لە نێو شەپۆلی گڕێکی هەڵچوودا
لە ئاویلکەدان بێ..
درەختەکان چوونەوە نێو ئینجانەی فەرامۆشی
پردەکان بەسەر رووبارەکانەوە رووخان
کۆترەکان مۆمیا کران
لە نێو هێلانەی دڕکندا
خەونی فڕینیان
بۆ باڵندەکانی دارستان شیکردەوە،
کە لە نێو قەدی کلۆری ئەو درەختانە
هێلکە زێڕینەکان
بێچووە ماری لێ ترووکا،
مارەکانیش باڵی داڵیان لێ ڕوا
ئەو شەوانەی قەڵای ئەو مێردانە بوون
تەمەنی درێژی نامۆبوونیان

لە بەردەم هەتاوی خۆشبەختی راکشاند
لە خولانەوە و
هەڵاتن
ئاوابوونی خۆر
شەربەتی گیانگۆڕییان نۆشی و
بە دیداری تیشکەکان شاد نەبوون،
قودسییەتی مردن بوو
گۆرانییان بۆ پێشوازی تەڕی باران چڕی و
بەر لە داکردن وشکبوونەوە
بەرەبەیانی وڵاتی زیخەڵانە
یان واڵاکردنی گرێ ئاڵۆزەکانی دەروونی
ئەو مێردانەی
بە چاوی خۆیان
مەرگی درەخت و
کۆترو
سووتانی
هێلانەکانیان بینی
بە سۆزی گۆرانییەکی ئاوارە

لە گەرووی خوێناوی ئاواز
بە ماچی ژەهر
زەردەخەنەی سەراب
چەمەرییان گێڕا
بۆ سەفەری
سەختی ئەو ڕێبوارانەی
کە لە زنارو لوتکەکان یاخی بوون
لە سۆزی ئەو عیشقە نامۆییەی
تورەیی تەورەکانی هێور کردەوە،
سروودیان بۆ قات و قڕی باران چڕی
گڕە هەڵایساوەکانی ئاگرستانی کینەیان
خامۆش کرد،
بوون بە هەتوانی برینی ئاوێنە شکاوەکانی ئاسۆ
سیمای تەڵخی ڕۆژگارییان سڕییەوە،
نزاو پاڕانەوەی دەستێکی شەکەت بوون
بەدوورایی و
پانتایی
تکای نیگاکان

چەمەرییان گێڕا..
چەمەری وڵاتی زیخەڵانە
بەدرێژایی راکشانی
لە سەر شۆستەی ئازارەکان
سێبەری پیرۆزی
بە سەر هەواری ئەو درەختە کڵۆلە پەرت کردەوە
رۆیشتن
ئەوانیش.. سێبەریان نەبوو

ئەیلولی ١٩٩٦
*ئۆردوگای قەمتەران.پیرانشار
*چەمەری جۆرە سەمایەکی تراژیدییە لەخواررووی رۆژهەڵات بۆ
جوانەمەرگان دەگێردرێت ..

# دوورگەی وەهم

سەرم ژوورێکی ئاپۆرەیە
خەیاڵ خانەخوێ
هزر مێوان
چاوەکانی روانین بێدار،
شەونییە
سەرم لە جەستەم جوێ نەبێتەوە
لە گەشتی فەزایەکی جاویدانە
لە نێو بێشکەی خەونی قووڵی منداڵی
بێ ئەوەی بلیتی مەرگ ببڕێ

خەونێکی هەنگوینی دەیباتەوە
لەشانەی هەنگی خەونەکانیش
هەنگ مارە و
هەنگوین ژەهر،
لەنێو دوورگەی وەهمێکدایە
ماڵی من
ماڵی خەون و ئەفسانەیە
مانگ لە نێو تەلاری شووشەیی خۆی
بەرد باران دەکرێ
لەپرسەی سەرەمەرگدا
بەرگی تریفەیی واڵا دەکا
لە نهێنی ئاوارەبوونی خۆی دەدوێ
لەوێ خۆرەتاو بێ هەودا
خوێنی لێ دەچۆڕێ
ئەویش لە پرسەی شەوەکان دا
پرچە تیشکەکانی دەڕنێتەوە
گەواڵە، فرمێسکێکی بەخورە
کێڵگەی زەردەخەنەش
گیایەکی سیس و پوکاوە

ئای چ خەونێکە لە نێو تاریکی دا وەنەوز دەدەین
وێڕاش ناگەین خەونە کوژراوەکان
بە پەپوولە فیرارەکان  بسپێرین
منم گۆڕەوان و بەر لەهەر مردنێکم
بە دەستی خۆم کفن بۆ خۆم دەدوورم
لە نێو باخی وشک بووی چڵە درەختەکانی زەمەن دا
لە خوناوی دڵشکاوی گەڵا وەریوەکان رادەمێنم،
لەهەر روانینێک
رووبارێک ئەشک
دەڕژێنمە نێو بیابانی سەرابیی
ئازاری بێ دەنگی دوورگەی غەریبیم،
مێوەی شیرینی رۆحی من بوو
بەری سێبەری درەختە سەوزەکان
لە پێشوازی نوتەکی هەر شەبەیخونێکدا
چەنگی پەنهانی مۆتەکەیێ دێت
بەردی رقێکی لێ دەگرێت،
من دەگەڵ سەفەری هەڵچوونی شەپۆل
نهێنی تورەبوونی تۆفان
رۆ دەچمە نێو دەریای قووڵی ئەندێشە

لە رازی قووڵاییەکانی ئاو
یاداشتی قوماری کەشتییەوان و
کۆچی نەگەڕانەوەی کەشتییە تێکشکاوەکەی
یاداشتی مردنی ماسیگرو
بزربوونی قووڵابیەکەی
یاداشتی سەرکەوتنی ئاو بە سەر تەرمی لم
یاداشتی خۆکوشتنی بە کۆمەڵی ماسییەکان
رێبوارەکان
غەرق دەبم
من جەستەیەکم لە سەری خۆم جویێ بوومەتەوە
دەستەکانم ئاشنای یەکدی نین
لاقەکانم لەیەکدی دابڕاون
نێچیری نێو کەڵبەی ئەژدیهایەکم
هاواری من
هاواری  وشکی قورگێکە
هەرچی رەگی پەیڤە بن بڕکراوە
سەرێکی ئاگرەو پشکۆی روناهی
لە بینایی چاوەکان دەکوژێتەوە
سەرچۆپی زەماوەندی دۆزەخ دەگریێ

سەرێکی خۆڵەو لە نێو گۆڕی تەنگی بێ ئومێدی
کۆچی بێ هودەیی ساتەکان
لە پەراوێزی تۆمارنامەی وەرزەکان دا
بە گەردو غوباری زەمەن دادەپۆشێ
سەرێکی دیکەش ئاوە
کەچی هەرچی ئاوە تێنوو
قورگی کەنار وشک
مەمکی گوڵە گەنمەکانیش
قات و قڕو برسی..
بێداری چاوێکی شەکەتە
بێ دەنگی من
بە هەزاران زمان لە پەیڤین دایە
رەنگی من، فوارەی خوێنی چۆڕاوی
جەستەیەکی بریندارە
لە ئاکامی جەنگێکی ئەزەلی دا هەڵقولا،
من لە نێو دوورگەیەکدا جێ مام
قەڵای بەرەڤانی وەهم و
رووگەی نزای دەرۆزەیە
قەڵەمی شکاوی مێژوو نووسێکە

مێژووی مردوو شۆرو
مردوونێژە
تەنێ چاوە نابیناکان دەنووسێتەوە
تیغی زمانێکە
خۆی لە برینەکان دەسوێ
تەوری دەستێکی رەشە
رۆژ نییە،
درەختی رۆحی خودا نەبڕێتەوە
شیتەڵی نەخشەی فنجانێکە
قەدەر بەختی خۆی لێ دەگرێتەوە
شەپۆلی یادێکی تۆراوبوو
دوورگەکەی من
کەناری خۆشەویستی منداڵانەی جێ نەهێشت
ژانی گەردەلوولێکی تووڕەبوو
لە بیابانی سەرابیی سەردەمێکی نەفرین دا
هەڵی کرد
مەزدا کڕنوشی برد بۆ ئەهریمەن،
ئاسمان بن میچی ماڵەکەمە
بستێ زەوی بۆ سێبەر وێڵە

که شوێن هەنگاوەکانی بدۆزێتەوە
لە هەواڵی وێستگەکانی ناخی بپرسێ،
ماڵی من
گەواڵە هێلانەی تێدەنا
پەلکە زێڕینە ڕۆناهی چراخان بوو
دیوارەکان دەبوونە باخچە
بەردەکان گوڵیان لێ دەپشکوا
ئاسمان،
بێ تروسکایی
دەروون خامۆش
نەجێی هەڵکردنی کۆلارەیەک
گەمەی پێشبڕکێی پەڕەسێلکەیەک
کشانی ئەستێرەیەکی لێ دەبێتەوە
بەرەبەیان
جریوەی چۆلەکەیەکی نامۆبوو
بە سەر لێوی درەختەکانەوە
پەیڤەکان، جوان ناکەنەوە
سیمای کرێتی وێنە بێ گیانەکان
عیشق، سەرچاوە کوێر

زیخەڵانی ژانێکی پڕئازارە
لەسەر رووبەری دڵە ئاسنینەکان هەڵنانیشێ،
ئیدی چما لەگەڵ پشکوتنی هەر گوڵە گەنمێک
تروکانی هێلکەی هەر کۆترێک
سەنگەرەکان پڕ خۆڵ نەکەین..
لە نێو کەشتییەکی وێڵین ئێمە
گێژەن، کەشتیوانێکی سەر شێتە
بۆ نێو دەریای گومانێکی بێ ئامان لێ دەخوڕێ
شەپۆل، گڕکان
کەنار بە مین چێنراو
رووەو وەهمێک سەرمان هەڵگرتووە
ناشزانین
ئاخۆ کەنگێ
چارەنووس بە تۆفان دەسپێرین!

١٩٩٥

# سیمای ژەنگەکان

بێ ورە لەم گەشتە بێ هودەیەی ژیان
زەمەن سەرگەردانی تراویلکەی ئەوینێکە
هەر چەندە رادەبرێ
بە سێبەری هەنگاوەکان ناگات،
گەڕان..
بزربوونە لە نێو سیمای تەڵخی ئاوێنەکان
ئاوێنە گەورەکانی منداڵی
ئاوێنە چکۆڵەکانی پیری،
نامۆم...

من لە بوونی خۆم
لە نەبوونی ئێوە
خوڕەی باران لە هەورەکان
شەپۆل لەشێنەیی رەوتی رووبار
تیشک لە سووتانی خۆی
ماندوویەتی جادە لەخەوتنی سەر شۆستەکان
یاخیبوونی لوتکە لە هەڵدێری کێو
درەخت لە سەمای مەرگی گەڵاکان،
من نە خۆم دەناسمەوە
نە ئێوەش دەمناسنەوە،
بەم خۆرەتاوە  لە نێو تاریکی دا هەنگاو دەنێم
لەنێو تاریکی  چاو لێکدەنێم..
ناڵەی ئەو درەختە سەر بڕاوەم
رەگەکانم  کۆت و گەڵاکانم کفن
ساڵانێکە لە نێو جەنگەڵی خۆڵەمێشی خەونەکاندا
پرچی گەڵا زەردەکانم دەڕنمەوە
داستانی مەرگی چۆلەکە ئاوارەکان
بۆ شەپۆل و خوڕەی باران دەگێڕمەوە

لە ژێر سێبەری گومانی سبەی
هاواری سوارێکی بریندارم
بە جێماو
لە جەنگێکی ئەزەلیدا،
سەرمەستانە
شەرابی ژەهرینی پەژیوانی دوێنێم دەنۆشم
کەلەسەری بڕاوی مێژووم
دەکەم پەرچەمی خەونەکان،
خەونەکان کە نەفرەتی شیعریک بوون
بەهای رۆحی عاشقە دۆڕاوەکانن
ئەوانەی بە نێو تاریکیدا ڕۆیشتن
روەو خۆر سەریان هەڵگرت
پشتیان لە درەختە سەر بڕاوەکان و
کەلاوەی شار کرد،
نەیانویست تف لە مەرگی پەپوولەکان بکەن
لە نێو گێژەلووکەی نەفرەت و نغرۆ بوون
گەمییەکی سەر لێ شێواو بوون.
من وامدەزانی دنیا پەنجەرەیەکی والآیە

دڵە شووشەکەم چوارچێوەکەی..
ژیان گۆرانی بێ کۆتایی منداڵی و
جریوەی چۆلەکەکانە
چیرۆکی خەونی عاشقان و
هەناسەی ژێی قورگی شنەبایە
ئامێزیشم لانەی گوڵ و
پەپوولە رەنگاو رەنگەکان،
مەلێکی مشەخت بووم
پەڕوباڵ لە گڕ
لانەم کوانوو
نیازم بوو بەرەو رەهایی هەڵفڕم
گڕ لە ئەستێرەکان بەر بدەم و
بیکەم بە بارستەیەک خۆڵەمێش
بەنێو گەرد و غوباری نیگەرانی ئەو ژیانەی پەرت کەمەوە،
ئاسمان، بیابانێکی رووتەڵان بوو
لەبەردەم رۆشنایی چرای خەیاڵدا
مینا جەستەی لەرزیوی بووکێکی تازە یەکشەوە
هەڵدەکورما،

زەمین زاوایەکی خەساو
لە شەختە بەندی نیگەرانی دا
دوا گڕی ساتەکانی نائومێدی دادەسێنێت،
ئاینده سەراب ئاسا
نیگەرانی نێچیرێکی نامۆیە
لە نێو کەڵبەی گورگی بیابان دا دەناڵێنێت،
دنیا پەنجەرەیەکی والا نەبوو
نە خوڕەی باران بوو بە گۆرانی
نە برووسکە چەتر،
پەپوولە لە کۆچی سروە
درەخت لە هەڵوەرینی گەڵاکان
رووبار لە ناڵینی شەپۆل
کەنار لە مەرگی زەرییەکان
گۆڕستان لە بەسەر هاتی بێ ناسنامەی کێل و
تۆماری مەرگی زێوان دەدوێن،
رێیە نزیک و دوورەکان، تێکەڵ دەبنەوە
داوە باریک و ئەستوورەکان گرێ دەدرێنەوە
مەنزل  مار ئاسا کاژ دادەماڵێت

ڕەنگەکان، دەبنە هەناسەی
شەوێکی کپی نێو کۆڵانێکی بن بەست
نزیک بوونەوە، ماچی چزووی ژەهرە
دووری ڕێیە لێکترازاوەکان
دەستڕێژی شەونخوونی ڕێبوارێکی جێماوی
دوا وێستگەی سپێدەیە
بە مردوویی لە جادەکان جێ دەمێنێ
کەسێ نایێ بەهانای بێ و
فرمێسکێکی بۆ هەڵڕێژێ
تا خوڕەی باران ببێ بە گۆرانی
برووسکە چەتر،
ئێمەش هەرچەند لەو گەردوونە سەمەرەیە
گەردێکی چکۆڵە ین و تادێ ورتر دەبینەوە،
لە خواو خود و سروشت و مەرگی خۆمان،
تراویلکەی بیابان لە شێت بوونی قەیس
ترۆپکی زامە هەڵکوڵراوەکانی بێستوون
لە ئازاری تەوشەکەی فەرهاد
تاجە خۆرەتاوەکەی ئاسمان

لە مێشکی مۆمیاکراوی کەللە سەرێکی بەتاڵ،
من بەر لەو چیرۆکانەش ئازارێک بووم
برین  پردی پەڕینەوەی
هەنگاوی هەڵدێرێک بوو
رێگە بزر بووەکان
رووەو هەورازو نشێوبوون،
لە کۆشکی کاغەزی خەیاڵدا
ئەوین عەرشی سەرابە
منیش پادشایەکی بێ تاج،
هزرەکان رەوە داڵێکن
لەنێو تارماییەکاندا هەڵدەفڕن،
سروودی ناوازەی ئاوابوونم
هەمیشە دوا چیرۆکی شەوێکی دیکەی ماڵاوایی دەچڕم،
سەردەم ویژدانی خەوتووی پشیلەیەکە
کارەساتەکان نێچیرێکی دەستەمۆن،
دڵم بەپەپوولە سپارد
تافێری ئەوینی گوڵ و سووتان و شەوانی
تەنهایی بکات

کەچی پەپوولە زادەی قوڕبوو
گوڵیش نایلۆن،

پیری موغانێک بووم،
لە کونجە تاریکەکانی مێژوو
نزام بۆ دارمانی پەرستگا و
نوێژی بەسەرچووی عیشق کرد
سەر هەڵبڕە لە هەر کونجێکی ئەم زەمینە جەنجاڵە
مەندی زەلکاوێکی پڕ نهێنی سەر دەردەکات
سەردەم دوکەڵێکی رەشە
رەشتر لە چاوی شەو
دارستانێکی وشکە، وشکتر لە قوڕگی بیابان،
وام زانی دنیا پەنجەرەیەکی والایە
لە تێنوویەتیم بارانی میهر
بە سەر درەختی وشک بووی رۆحمدا دەبارێنێ
من کە هەبوونم نۆشینی بادەیەک هەنگوینی ژەهراوی بوو
نە بوونم هەڵمژینی بۆنی گوڵێکی ژەهراوی
لەمیان بوون و نەبوون دا

خزیمە نێو بۆشاییەکی نەمر،
کۆچم دوا کۆچی بە دوو هاتووی سەفەرێک بوو
هەنگاو، سۆراغی بە شوێن هاتوو ژوانی مەرگە
لە نێو کانی هەنگوینی چاوی زارۆڵاندا
بۆ ناونیشانی گۆرستانێ دەگەڕێم بۆ خۆم
گۆڕهەڵکەن خۆمم
بۆ خۆیشم تەرمی خۆمم بە کۆڵدا داوە
کراسی تەمم پۆشی
لە نێو کوانووی گڕدا
سەما دەکەم
گەمی تیکشکاوی ئەو گەشتە بێ چارەنووسەم
شەپۆلی گڕی کۆچێکی سوور لە ئامێز دەگرم
بە هەورازو نشێودا رادەبوورم
تخووبەکان لەبەردەم گێژەلووکەی کۆچی
وەرزە شوومەکان
پەرت دەبنەوە
برینەکان دەبنە گلێنەی هەزاران چاوی گەش
بە پشتی کۆماوی ئەسپی گڵاوی زەمانەدا

بەشمشێری شکاوی جەنگێکی بێ کۆتایی
لە نێو نەینۆکی درز بردووی چاوی شاری کوێران
چاوم هەڵهێنایەوە
بە سەر ترۆپکی زامەکاندا، هەڵگەڕام
بەسەر کێوی سەختی ئازارەکان هەڵشاخام
پەنجەرە داخراوەکەی دنیام واڵاکردەوە..
ئای دنیا چەند گەورەیە
ژیان چ وەهمێکی رەنگاو رەنگە.

١٩٩٤

# راسپاردەی خەونبینێک

خەون نەبوو
ورێنەی تەلەسی زستانێکی
ساردو سڕبوو
کۆچی تۆفانی شەوێکی تووش و بێ کۆتایی
شەوی سووتانی برایم..
راکشانی بودا
لە سەر شمشێربوو،
ساتە وەختی چاوەنواڕی گڕ تێپەڕ بوونی
شیعرێک..

شەو رەهۆڵی زیندانێکە
نهێنی تەنێیی جەللادێکی خەوتوو،
خەون نەبوو
رۆحی شیرینی بەرخێکی
سەر بڕاو بووم،
بە سەر لاشەی لە خوێن گەوزیوی خۆمدا
هەڵکوڕمابووم
لە زەماوەندی قوربانی دا
پێستی خۆم داماڵی..
نێچیرێکم دەستەمۆ
خوێنم مۆری پاساپۆرتێکی قەڵپە
کەلەسەرم
باجی پەڕینەوەی رێی
ئاپۆرەی (ئا)و(نا)یە،
خەونی نەزۆکی شووشەیێ حەبی ڤالیۆمم
قەڵەمەکەم لە پرسەی ئەو شیعرە
سەرگەردانانەن
کە لە دەلاقەی دیوارە رووخاوەکانی هزردا

لە نێو دەفتەری بیرەوەری
بە هەتیوی مابوونەوە..
شەوان بوورین
هەر نەهات
ڕۆژان بوورین
هەر نەهات
وەرزەکان
ساڵەکان
بە چاو تروکانێک تێپەڕین
تەمەنی نامۆیی
گوڵان ئاسا
پەڕ پەڕ هەڵوەرین
ژوانگەکان لێکترازان
هەر نەهات..
ئەمە ئەفسانەی قات و قڕی و بێ ورەییە
نە پێشەکی
نەکۆتایی ئازارەکانە
نە نووزانەوەی مەرگی وشە باڵدارەکانە.

مەرگ تەتەرێکە
سواری ئەسپی گەشتی مەحاڵە
ئاسمان و رێسمان بەرەو مەحاڵ رادەپێچێ
گوفەکە خاپوورەکان دەبنە کۆشکی بلوورین
شازادەی مێشک پوچەڵ
تاجی زێڕین لە سەر دەکا
کەللە سەری پووکاو
عەرشی پەیکەرە ئێسکی دێرینی گۆڕستانە،
دنیا فنجانێکی سەرەو نگونە
پڕە لە نەخش و نیگاری بێ ماناو هیچ و پووچ
پیرە قەرەجێک
بە گەشبینێکی درۆزنانە
بە شیکردنەوەیەکی نێرەمووکانە
خەونەکان دەگێڕێتەوە:
شەو قەفەسێکی ئاسنینە
خۆریش کۆترێکی دیل
تورهەڵدرا بووە نێو کونجی تاریکی قەفەسەوە
بە پەڕەی تیشکەکانی

گڕی نەمری دەپڕژاندە نێو ئەشکەوتی نهێنی،
پەیکەرە بەردینەکان دێنە جووڵە
جارێکی تر شەو بە دەستی خۆرەوە بارمتە بوو،
بە هەناسەیەکی ساردو کرنۆشێکی بودییانە
ماڵاواییمان کرد
نیگامان لەو ستێرانە کرد
کە بە منداڵی خەونیان لێ دەدزین
نوێژمان بۆ خۆڵەمێشی خاک کرد
کە لە ئەڤینی خۆی بێ بەشی کردین
تێکەڵ نەبووین بەو دوکەڵەی
کە دەمامکی رەنگاو رەنگی رۆژگارێکە
نامۆترە
لە سیمای منداڵێکی ساوا،
من بوومە تەمێکی سەرکەش و روەو باڵای
هەورەکان هەڵکشام
بیابانی وشکەلانی کوژاڵک و دڕکی ژەهراوی
لانەی داڵە گەندەخۆرەکان بوو
ئەمە خەونی تراژیدی دوا لاپەڕەی داستانێکی قاچاغ بوو

پەیڤەکان ناخوێنرێنەوە
خەفیەکان
ماڵ بە ماڵ
کۆڵان بە کۆڵان
لە دەشت، لە چیا، زیندان
تەنانەت بست بە بستی گۆڕستانەکان
بۆم دەگەڕێن..
من نازانم کەی دەمرم
ئەمە بڕیاری پیاڵە ژەهرێکی شیرینە
زایەڵەی دەنگی گوللەیەکی سەر شێتە
بەڵام کۆتاییەکانم..
سەرەتای شێت بوونن
سەرەتای هەڵاتنن
سەرەتای خۆکوشتنن.

١٩٩٢

# من سەرابم خوێندەوە

من هەتاوم خوێندەوە
تیشکەکانی بۆ دایساندم
سێبەر خۆی وەلانا..
چارە نووسم بە قەدەر سپارد
هۆش بەخەیاڵ
هەستم بەنەست،
من رووناکیم خوێندەوە
تاریکی خۆی کوژاندەوە
تاریکیش نەبوو فووم لەچراکان کرد.

ئای گەشبینی کۆتایی چیرۆکەکان
هیوای عاشقە ساویلکەکان
ڕەنگە منیش وابم
ئەگینا چما نەمدەزانی
لەسەردەمی گەل و نیشتمان و لەش فرۆشتن
دەبم بەهاوەڵی دیوارەکان
دیوارەکانی باوەڕ
دیواری خەڵک
دیواری ئەڤین..
من ڕێی نزیکم خوێندەوە
دووری نەفرینی لەخۆی کرد
کەچی قەدەر ڕێیەکی بزر بوو
خەیاڵیش مەست..
نەست گرێی بیرکردنەوەیەکی لێکترازاو،
مێشکم بەچیمەنتۆ سواغ دا
دەفتەری هەستم دڕاند
قەڵەمەکانی بیرم شکاند،
ئەڤین...

ڕەگی قووڵی درەختێ بوو
لەناخی من
لەبنجەوە خۆی هەڵکەنی
من لەگەڵاکانم رووت کردەوە،
گەڵای زەردی وەریوی درەختم خوێندەوە
سەوزتر بوو لەسیمای رەنگاو رەنگی
کەنارێک بوو
لەرووباری خوێنی من
جوێ بووەوە..
شەپۆلی هاری روباریشم خوێندەوە
هێمن تر بوو لەگێژەلوکەی ناخی،
لوتکەیەک بوو
لەکێوی بەرزی هەستما رووخا.
من دڵی تاشەبەردم خوێندەوە
نەرمتر بوو لەدڵە بەردینەکەی
گلێنە بوو، لەچاوەکانما چی نەبینی
رۆح بوو لەجەستەمدا
من ژیانم خوێندەوە..

پەلکە زێڕینە ئاسا
زوو هەڵکشا
ڕەنگی پەپولەیەک بوو
بەسەر گوڵە نایلۆنەکان هەڵنیشت،
ئەشکی شەونم و گەواڵەم خوێندەوە
بەسۆزتر بوو لەسۆمای چاوانی،
ئەلقە نەبوو
کۆتی ڕوژگارێکی نامۆ بوو لەدەستم
گولەیەک بوو بۆ نیشانی دڵم
خەونێکی سادە بوو
بەئاڵۆزی شی کرایەوە
کەچی سەرگەردانی درەنگ  واگای هێنام،
مەستی هەمیشەیی پیاڵەیەک ژەهر بوو
نۆشیم، تێکەڵ بوو بەدەمارەکانم،
ئەو بێزاری بوو
لە بێزاری نیگای گومانی هەزار بارە بووەکان
لەنیگەرانی  چرکەی سەعاتی ژوورەکەم
لەناونیشانی کتێبەکان

لە گەدا و شێت و بۆیاخچی و جگەرەفرۆش و
سەر فرۆشەکان
بێزاری بوو لەبێزاری
خەنجەر لەکالانەکەی
قوربانی لەجەلاد،
هاوارێکی توورە بوو
لەئاست بێدەنگی ئاوێنەکان
سەرگەردانی جادە
که هەنگاوەکان ناناسێتەوە
لەزمانی ئەو چاوانەی درۆ دەکەن.
نازانم من خۆم خەڵەتاند یا زەمانە فریوی دام
رەنگە لەئەزەلەوە بوونم هەڵەیەک بێ
سروشت دووبارەی نەکاتەوە
یاخود تاوانێک بێ
رۆژگار پەژیوان بکاتەوە،
رەنگە گوناهی گەورەی من
حەژمەتی فرمێسکی ئەو ئەستێرانە بێ
کە لە نێوان بوولێل و کازێوەدا

سۆمای چاویان لێکناو ئاوابوون،
رەنگە گوناهی گەورەی من
تۆرانی تریفەی مانگ
رەنگ زەردی خۆرەتاو
شەرمی خۆراوا بوون
نیگەرانی شەوەزەنگ
توورەیی گێژەلووکە
یاخی بوونی شنەبا
چاوەنوارِی بێ هودەیی وێستگەکان
هەنیەی شەکەتی شەقامەکان
یان نەفرەتی ئەو شووشە بەتاڵانە بێ
کە سەرمەستانە بەجێم هێشتن
رەنگە گوناهی گەورەی من
زەردەخەنەی تۆراوی سروە بێ
کە لە وەنەوزی بن سێبەری ئامێزی ژوان
لە تاریکی کۆڵانە تەنگەکاندا جێ مابێت..
یان حەسرەتی ئەوانە بێ
کە نازانم بۆخۆشم نەویستن.

ئەی بەرد بدوێ
کێ بە قەد من هانای بۆ هێناوی
مەگەر تەنێ فەرهادی بێستون
لەزمانی گڕگرتووی من بگات
وەک من چیرۆکی تاڵ و درێژی
عیشقێکی نەفرینی بۆ گێڕاوی..
ئاخر من دڵی تاشەبەردیشم خوێندەوە
نەرمتر بوو لەدڵە بەردینەکەی..
بەرد لەحەژمەت ئازاری من
جولایەوە
شەقی برد
کەوتە گریان..
کەچی بووکە شووشەی خەیاڵی من
بێ گیان بوو نەهاتە دوان
دیاربوو من ئەڤینم نەخوێندەوە..
من سەرابم خوێندەوە
من سەرابم...

١٩٩٤

# ڕامان

بەرایی ماسک بوو
ڕووپۆشی ڕووخساری
بەبرین داپۆشراوی سروشت
ئاڵۆزی و
پەنهانییەکانی
واڵا دەکرد،
سروشت
هەر سروشتەکەی جاران بوو
ئێمە ئاڵۆزترو

شەکەت ترو
بێهودەتر.
لە هەنیەی گەرد لێنیشتووی زەمانەدا
زمانی شنەبا بووین
باڵی بەستراوی خۆرەتاومان بەرهەڵدا کرد،
باران بە خوڕ دەباری
ئێمە گوناهەکانمان
بە سێڵاوی ئاوی باران نەسپارد
لاڵی چەندین ساڵەمان نەهاتە زمان،
لە سەردەمی دڕکەڵانی بێ دەنگیدا
بە زمانی جریوەی مەلە کۆچەرییەکان
گۆرانیم گوت
لە ئەزموونی ئەفسانەیی عیشقەکانیش
فێربووم و بەعیشقەوە بمرم و
لە نێو بیابانی وەهمی داستانە دۆڕاوەکانم
بێهۆشیم بسپێرم
بە سپێتی بەفر
گەرمی خۆرەتاو

تەڕی باران
لەو شەوە نووتەکانە
بەگەڵ هەڵاتنی خۆرەتاو کەوتم
ڕۆحی  ماندووم
مینا تۆپەڵێک قوڕ
بتێکی بێ گیان ئاسا
لەسەر کەناری ئاوە لێڵەکاندا پەرت بووەوە
نامەکانی یادەوەری منداڵیم
لەنێو قووڵایی ئاوەکان جێ هێشت
بەشەپۆلە هارەکانی سەفەری نەگەڕانەوەم سپارد
(ئەمێستاش لە نێو گێژەنی زەمەنێکی نەفریندا
بێباکانە بەرەو فەنا ڕایدەماڵێ).
من بووم کوڕی گوناە و
لە سەر دەستی فریشتە سپی پۆشەکان
سوێندی پەژیوانیم خوارد
دوا نوێژم لەسەر جەستەی سڕبووی تەرمی دوێنێم کرد
لەنێو ئاگرستانی گوناهەکانمدا  بوومە خۆڵەمێش
دگوردەکانم بۆ ئاسمان هەڵدایەوە

نەبادا ئیدی بەبۆنی گۆڵە وەریوەکانی بەهەشت
مەست بم،
چاوەڕێی بم هەناسەم
ببێتە تەمێکی سەراپا  ڕەش
بەسەر سێبەرە سپییەکانی ئاویلکەداندا بێتە خوارێ.
پەژیوان بە
لەو ماڵانەی لە پەڕەی هەڵوەریوی باڵندە  تاراوەکانت
چێکرد
پەژیوان بە
لەو هێلانانەی بۆ بێچووەکانت جێ هێشت،
لە پشت دەروازەکانی چاوەڕوانی
سروودت بۆ بێ دەنگی تاشە بەرد بوونت چڕی
بە رووی رووخساری بە برین دەمامکداری زەمانە
قەتماغەی زامەکانت هەڵکەنە
لە نێو تابووتی وەهمەکانت سەرهەڵبڕە
عیشقت وەهم بوو
ژیانت وەهم
تەنها مردنت

هەقیقەتی ئازادییەکی ڕەهایە،
ئیدی بیرەوەریم
جەستەی قلیشاوی درەختێکی کرماوییە
ڕەشبینیم نەفرین نامەی زەمەنێکە
بە ژەهری کینەی خواوەندەکان ئاخنراوە
لە جەنگێکی دۆڕاودا
بەرگەکان لە تەم و مژی سەرگەردانی
چەکەکان لە گەرد وغو باری رادەست بوون
سەنگەرەکان لە تۆڵەو وتوڕەیی
ڕۆحی ماندووشم
لە جەستەی پڕ حەسرەت دابماڵم
بە شێنەیی
لەسەر تەپۆڵکی ئاوی کانیلەیەکدا
باوەش بۆ سەمای شەپۆلێ بکەمەوە
گوێ ڕادێرم
بۆ زرینگانەوەی جامەکان
بۆ زایەڵەی شکانی شووشەکانی دڵ
بۆ دوورینەوەی لێوی ئەو چیرۆکەی

که  ئیدی به سەرهاتەکانم ناگێرێتەوە
بۆ ئەو گۆرانییەی کە ژێی ویلۆنی
ئاوازەکانیان گرێ دەدەن
تا درەختەکانی چاوەنوارِی نەبن بە بەرد
رووبارەکانی عیشق  وشک نەبنەوە ،
تا گوڵەگەنمەکان بپشکوێن
تەنێ زەردەخەنەیەک بەس بوو..
لە نێو چیمەنی وشکەلانی رەنج بە خەساری
ئەو رۆژانەی کە شەوی شەکەتی تاریکیم بوو
تەنێ باڵای دیوار
چاوی دیوار
گوێچکەی دیوار
بەشی ژەمێک یان دووژەم
قاپێک شلەی ساردو لەبن دەرگا بە جێماو
لەو کونجەوەش
بە سیمای تاڵی ئەو رۆژگارە خەنیمەوە
بە خیانەتی گوڵ  لە گەڵاکانی
پەپوولە لە رۆشنایی چرا

ئاو لە ماسی
دەستی راست لە چەپ
رۆژگاری نەفرین
لە گرنژینی زارۆکێکی سێوی
ئازاری قورسی کێوەکانم خستە سەر پشت
بەسەر شەپۆلەکانی حەسرەتدا پەڕیمەوە
تنۆک تنۆک خوێنی گەشم
بەخشی بە گوڵی سوورو
بەرگی تۆم لە گەڵاکان چنی
بەم شەوانە
چراکانم یەک یەک دایساند
بادەکانم پڕکرد لە خەون
لە سەر تەرمی لاپەڕەی رۆژ ژمێری نائومێدیم
راکشام
رۆژێ... دووان
شەوێ.. دووشەو
ساڵێ.. دوو ساڵ
من دەنگی خۆم دا

بەو برینانەی کە نەبوون بە کانی گوڵاو
بە مێرگی رێبواری بیابان و
تراویلکەو کۆچ و مەرگ
بە مزگێنی بۆ سەرفرازی عیشقی
گوڵ و پەپووله
دۆستایەتی تفەنگ و کۆتر
ئارامی نێوان گەردەلوول و سروه،
بیابان بوو. دوا هەوارو مەنزلم
تۆش گیایەک بووی لە رۆحمدا روای
هەرچی ئەسید بوو خرایە نێو خوێنی
دەمارە سڕبووەکانم
هەرچی تیغ بووبوو
میوانی هەمیشەیی زامە گەشەکانم.
ئەفسوونی نووشتەکان بە تاڵ بوونەوە
ئەو کتێبانەی
کە میراتی شکۆمەندی
خەنجەرە ژەهراوییەکەی
بەر پشتێنی باوە گەورەم بوو

لە هەر دەرگیرییەکدا خەرمانەی برینەکانی شەن کرد
لە بن سێبەری وەهمە پیرۆزەکان
خەونەکان،
سواری ئەسپی فلزی تەمەننا بوون
برینەکانیش نەبوون بە کانی گوڵاو
درەختەکان بوونەوە بەرد
پەپوولەکان لە تاریکیدا مردن
ئەو مەلۆچکانەی کە هێشتا باڵیان نەگرتبوو
هەڵنەفڕین
کەوتنە بن پێی ڕێبواری سەر گەردانی جادەکان.
من چیم شک نەبرد وێڕای
ئەو جووتە نەعلەی
کە لە ڕەهۆڵێکی دوو سێ مەتر دووجا
پەتێکی ئەستووری بازنەیی گرێدراو،
لەوانەی هاتن
ئاویان لە کانی عاتیفەم خواردەوە
تفیان ڕۆکردە سەرچاوەکەی
لەو مێوانە ناوەختانەی کۆلی شەکەت و حەسرەتیان دانا

لە رۆژانی سەخت باو بۆران
سفرەکانیان خاڵی کرد
دەرگاکان والآ..
بەرێوەش نهێنی نامەکانیان درکاندم و
پاشەڵیان پێ سڕییەوە..
لەوانەی رۆیشتن و بێ ئاوڕدانەوە
لە بە سەرهاتی شەکەتی هەنگاوەکان
لە پێداچوونەوەی دواپەندی ئەو داستانەی نەخوێندرایەوە
کە تەنها زەردەخەنەیەک بەس بوو
تاگوڵە گەنمەکان بپشکوێن
مەمکی هەورەکان پڕ باران بن
خەون لە چاوی فریشتەکان نەتۆرێن
کۆترەکان بە ئاسمانەوە نەکوژرێن
بە تەنێ
زەردەخەنەیەک
بەس بوو...

١٩٩٥

# هەڵایسانی تەم

چاوەنوارِیم
 بیابانێکی  وشکەڵان بوو
نەمێرگی میهرێ
هانای دڵۆپی بارانی  بۆ هێنام
نە تینوویەتی سرِبوونم شکا
سێبەری گیای زەردەخەنەیەکیش  بەدی نەکرا
 من دەخنکام و لە نێو گێژەنی تەنیایم دا
رووبارێک عەتر،
لە چاوانم هەڵدەقوڵان

چیم نەدەبینی
وێڕای بێ داڵدەیی بۆ ئامێزی بۆشایی
نوێژی عیشقێکی بە سەر چوو
لە پەرستگای یادێکی وێراندا
برینێک لە سەر خەنجەر راکشاو،
لەم بیابانی وشکەڵانە
چرپەیەک دەبووە هاوار
بێ دەنگیمی دەخنکاند
شێت بوونمی دەورووژاند،
ماتیم دەبووە زایەڵەیەک
دڵی سەختی بیابانی شەق دەکرد..
وەنەوزی بارانێکی حەسرەتکێش لە چاوانی منەوە
چاوی گەواڵە گرینۆکەکانی وەژان دەهێنا
بێ رەنگیم دەبووە تیشکۆی بروسکەیەک
گڕی لە ساتەکانی بێ هودەییم بەردەدا.
من شێت بووم
لەو سەر زەمینە جەنجاڵە
تەنێ وشکەڵانی بیابان بە هانام هات

گێژەلووکەکەی هەڵدەکات
لانکی شووشەی خەمەکانم رادەژەنێ
خەونەکانم دەبنە بارستەیەک خۆڵەمێش
گەڵای زیوین دێنە خوارێ،
من بەرگی گەلاکان دەپۆشم.
شیوەنم نزای شمشاڵێک بوو
لە نێو قورگی تینیوویەتی هەڵدەقولا،
زەماوەندی گڕێکی هەڵایساو بوو
بەرگی ناسووتم وەلانا..
بەر لە ماڵاواییم
خۆر پرچە ئاڵتونییەکەی سپی چووەوە
بە سەر جەستەی شەکەتی بیابان پەرت بووەوە
هەناسەی بیابان
تەم بوو
هەناسەی منیش ئاگر
من سێبەری هەنگاوی سەرەڕۆم
لەسەر زمانی پشکۆ
ئەو لە سەر دڵی تاشە بەردەکان جێ هێشت،

ستوونێک گڕ بووم
لە سەر شۆستەی نامۆیی شاری سەرگەردانی دایسام
رۆحیشم بڵێسە بوو
سەبووری دا بە شەپۆلی یادێکی کۆچ کردوو
تا لە کەناری ئەو خاکە نامۆیە چاوم لێکنا..
ئەڤین پەرەسێلکەیەک بوو
بە نێو شاری سەرگەردانیم
، بەرهەڵدابوو
ئیدی نەگەڕایەوە...
دەگەڵ هەڵایسانی تەم
بووە خەونی خۆڵەمێشی
چیرۆکی بەر دووکەڵی چڕی
ئاگردانی شەوانی تەنیا

یی
دەنگی شوومی کوندەپەپۆ واگای هێنا
نەفرەتی ناشایستەیی لێ کرد..
من چیم نەبینی
وێڕای مەرگی رەنگی خۆم

تراویلکە ی دوا ساتی خۆزگەی تەمەن
هەناسەی ساردی نا ئومێدی پەپولەیەک
دڵۆپە شەونمێکی ژەهراوی،
خەمی گەورەی شمشاڵێک
لە شیوەنی شەوانی بەسەرهاتی کۆچی
ئەستێرەکانی گەرمیاندا
کە لە ئێوارەیەکی تەماوی بیاباندا هەڵکشان،
زەردەخەنەی تاڵی پەلکە زێڕینەیەک
لە سەر لێوی قڵیشاوی وەرزەکانی کۆچ دا
ئاوابوون.
لەو بیابانە وشکەلانە تۆپەڵێک تەم بووم
پشکۆی گڕی ئەڤینیش لە چاوانم دایسان،
لە پەرستگای یادێکی وێران
دوا نوێژم بۆ تەم کرد
خۆر ئاوابوو
تیشکەکانی پێ بەخشیم
گێژەلووکە، یاخی بوونی بیابان
وشکەلانی و بەرگێک لە لم

گیایەک بووم لە نێو گڕدا ڕوام
لە سەر ئاودا وشک بوومەوە
چاڵەکانی مەرگ
ناوی لێنام چاوەنواڕی..

١٩٩٦- قەمتەران- ڕۆژهەڵات

# جیاوازییەکان

ڕێگە بن بەستەکان
دەرگا داخراوەکانی چاوەڕوانی
هەمیشە بێ هودەیی..
نیگەرانییەکانم
نەستم دروێنە دەکەن
عیشقت وشەیەکە هێشتا
لە هێلانەی ڕۆحمدا لەدایک نەبووە
بێ ئازار لەبارچووە،
کە بیریشت لێدەکەمەوە

تەنانەت لە ساتەکانی مەستبوونیش دا
چەند هۆنراوەیەکی بەنگ کێشیان سەر هەڵدەدەن
خەونەکانم دەبنە  ترۆپکێ باڵاتر لە ئاسمان
قووڵتر لە خەوی دەریاکان،
لەگەڵ شەپۆلی
هارو ڕێژنەی گەواڵە هەور
زامە سڕبووەکان سارێژ دەکەن
وشەکان دەبنە پەپوولەیەکی زامدار
ڕەنگ پەلکە زێڕینەیی
لە سەر چڵی
هیچ لاپەڕەیەکدا هەڵنانیشن
هەمیشە کۆچەر
دنیا دەگەڕێن
لەلانەی ڕۆحی شەکەتمدا
هەڵدەنیشنەوە..
دەگەڵ غەمەکانم گەورە دەبن
شیعری تازە چاو هەڵدێنن،
کەی جیاوازییەکان هەڵدەوەشێنەوە؟
دڕک و گوڵ

تاریک و ڕوون
کوێلەو ئازاد
سیخوڕو شۆڕشگێڕ
تف و ماچ
خۆشەویستی و کینە
هاوکێشە بەرەواژەکان
زل دوژمنی دیرۆکی ناتەبایی ڕۆحن،
کۆنفوشیۆس ببوورە
ئیدی هەموو چراکانی دنیا
ناتوانن ژوورە تاریکەکانی ناخم
ڕۆشن بکەنەوە..
من کە ژیانم مەرگێکی پلەییە
لەم چاوەنوارییە بێ هودەیەدا،
ناخ هەرەس و دامرکانەوە
ناخ دنیایەک حەسرەت و پوکانەوە
خۆ من کوێلەی ئەڤین و
شیعرە ئازادەکانم نیم
بە سەر تەرمی گەنیوی رابردوو رابوورم
پشت بکەمە کتێبی بیرەوەرییەکان،

کە لێرەدا
کلیلی خەونەکان
قفلی دەرگا داخراوەکانی ئایندە ناکەنەوە
کلیلەکان لە نێو قورگی ئەژدیهای زەمەنێکدا
بزر بوون..
کەسێ نییە بیدۆزێتەوە..
کێ بێ بیدۆزێتەوە؟
کێ دێ منی نێچیری نێو تەونی
ئەو جاڵجاڵۆکە ژەهراوییە
دەرباز بکا؟
کێ بێ منی بێ سەرو شوێن
لە نێو کەمینی پڕ لەمینی شەمشەمە کوێرەکان
ئازاد بکا؟
کێ دێ
کێ بێ
کێ
بێ..؟

١٩٩٤

# نێوانەکانی تر

سۆمای ئاوێنەکان
لە فرمێسکی زیوینی ئەستێرەکاندا رەنگ نادەنەوە
ئەو گۆرانییانەی لە سەر لێوی دوێنێی
منداڵیمان، هەڵدەقوڵان
ئەمڕۆ دەنگی کپی ژووره داخراوەکانی ناخمان ناناسنەوە
ئێمە لە وەتەی هەین
لە نێو گێژەلووکەی رق و بێ بەزەیی
چاو هەڵدێنین
لەبەردەم رێژنە بارانی غەمەکاندا تەڕ دەبین

ڕۆحی ژەنگاویمان دەشۆینەوە،
ئاخ چەند سەختە
لە نێوان دیوارو تراویلکەدا
هەنگاو دەنێین
لە نێوان بێشکەو کێل
قیژەیەکی یاخین
بێ هەناسە چاو لێک دەنێین،
تۆ خەونم بووی
بەڵام لە سەردەمی قوربانی و کۆچی ئەبەدی نەگەڕانەوەی
پێغەمبەرەکان
خوێنی چۆڕاوی شەهید بوونمان
زامی سارێژ نەبووی مەسیحی چاوەڕێیە
ئیدی گوڵ لە سەر تیغی خەنجەر ناڕوێ
ئەورۆ، کابووسێکی هەمیشەییە
بەری سۆمای ئاوێنە درز بردوەکانی ناخمانی گرتووە
سبەی، گرێی ئەفسانەیەکی پڕ نهێنییە
مینا خۆرێکی ئاوابوو
لە شەوە دەیجوورەکان دا، هەڵدێتەوە

عیشق کینەی خەنجەرێکی ژەهراوی بوو
نەفرین لە کالانە ژەنگ گرتووەکەی دەکا،
ئاخ چەند سەختە
لە نێوان ئەڤین و مەرگێکی تر
لە نێوان دۆزەخ و دۆزەخێکی تر
چاو هەڵدەنێین
چاو لێک دەنێین
بۆ هەمیشەیی لەبەر رێژنە بارانی غەمەکاندا
تەڕ دەبین و رۆحی شەکەتمان دەشۆینەوە

# وێڕا نەگەیشتن

خودایە ئەڤینم پێ ببەخشە
وەک مشتێ هەتاو
تا ژووری تاریکی ناخم ڕۆشن بێتەوە
ئەڤینم پێ ببەخشە
وەک چۆڕێ ئاو
تا هاواری تینوویەتی منی خنکاو
نەگاتە کەشکەڵانی ئاسمانت
من ماسییەکم لە نێو حەوزێکی کۆنکریتیدا
شەپۆلە بەردینەکان، دەمخنکێنن

زەمەن تۆفانی پۆڵایین ئاسا تێدەپەڕێ
بەشی خۆشەویستیمان ناکات
وێڕا ناگەین
کۆشکی کریستاڵی ئەندێشە وێران دەبن
چراکان دەکوژێنەوە
باخەکان وشک
گوڵە جوانەکان دەپوکێنەوە
شەپۆلە هارەکانی دەروون خامۆش
وێڕاناگەین
بە هەشتی منداڵیمان
لە پڕ بووە دۆزەخی پیری،
با بەزمانی باران بپەیڤین
نەبادا زەمین ببێتە بیابانێکی وشکەڵان
با بەزمانی هەتاو بدوێین
تا تاریکی بزرمان نەکات
تۆش بە زمانی سروە بدوێ
نەک گێژەلووکەی تورە
لە هەڵچوونتا، گەمی گەشتی چارەنووس نغرۆ بێ

بە زمانی سێبەری مێرگی بپەیڤە
کە لە گەشتی گەڕان بە دوو عیشق دا
لە گەشتی خۆدۆزینەوە
لە نێو ئاوێنە تێکشکاوەکانی سەراب دا
وەنەوز بدەیین..
ڕەنگی گەڵاکانم پێ ببەخشە
تا لە بەهار سەوز تر بم
دەنگی خوڕەی بارانم پێ ببەخشە
تا گۆرانی یەکەم تەڕتر بێ
لە دڵی گەواڵە
خودایە ئەڤینم پێ ببەخشە.
١٩٩٣

## دژ

سەرەتامان
کۆتایی بوو
کۆتاییەکانیش، سەرەتای دیکەن
پەڕینەوە
گەشتی مەحاڵە
خۆڵەمێشە خەونەکانی بە یەک گەیشتن
نێوانمان دەریایەکی قووڵی حەسرەت
پردێکی ئاگرین.
منم بارستەیەک خوێن
تۆپەڵێک خۆڵەمێش

تەرمێکی بێ سەرو شوێن،
من لە بەرەکانی جەنگیشدا نیم
رۆژانە سات بە ساتی ژینی پڕ ئازارم
دەکوژرێم،
بۆ مەرگێکی دیکە زیندوو دەبمەوە
لە نێو کوانووی گڕیشدا نیم
دەسووتێم،
دەبمە تۆپەڵێک خۆڵەمێش
بۆ ئازاری شەوانێکی دی دادەیسێمەوە
بە پەتی سێدارەش هەڵنەواسراوم..
دەخنکێم،
زیندە بەچاڵ دەبم
وێنەی تەرمێکی بێ سەرو شوێن.
من لە ژێر چەتری کاغەزی شیعرەکانم دا
لەبەر وروژمی تۆفانی نائومێدی
گەردەلوولی خۆڵاوی نامۆیی
ماڵۆچکەیەکم بنیات ناوە
رازی گوڵێکی سوورم
لە نێو خانەکانی جەستەم حەشارداوە

تۆش لە خەیاڵی تەلاری ئاڵتون
باخی گوڵێک پەڕەی ئەڵماس روبارێک هەنگوین
لە دوورەوەش بۆ ئەستێرە ماتەکانی بەختم دەڕوانی
داخۆ کێهە هاوزای ئەوین و مەرگی منە..
ئەوەی لە یادەوەریەکانم جێماون
دەفتەرێکە، ئەدەرەسی
(ئەوانەی کوژران، شێت بوون، ئاوارە و شون بزر)
جادەیەکی چۆڵ
کۆڵانێکی بنبەست،
نیشتمانیش دەمامێکە
بە دوکەڵی رەشی چڵکن خۆی پۆشیوە،
ئیدی چۆن دڵم بەو درەختانە خۆش بێ
کە گەڵاکانی، تەرم ئاسا بە سەریەکدا کەوتوون
سێبەری سەبووریم پێ نابەخشن،
من هەمیشە لەخەیاڵی سەفەر بووم
گەشتێک بەرەو روئیا
رێیەک ئیدی گەڕانەوەی بۆ نەبێ
هەوارێک، کەسێ رەنگم،
دەنگم،

نەناسیێتەوە
ئەڤین، هەناسەم هەڵدەمژێ
تراویلکە، تینوویەتیم..
مەتەڵی بوون و نەبوون بوو
یان ڕێیەکی پێچەوانە
بە یەک نەگەیشتین
مینا جەمسەرەکانی موگناتیس
لە یەک دوور بووین..
دوو زمانی، دوو سەردەمی جیاواز بووین
هەرگیز لە یەک نەگەیشتین
لە نێو هەزاران شەپۆلی دەنگدا
ناکۆکیمان تەبایە
کە سەرەتامان کۆتایی بێ
کۆتاییەکانیش سەرەتا،
ئاخر ئەفسانەی چ ئایینێکە
بە هەشت بۆتۆ
دۆزەخ بۆ من

١٩٩٥

## بێوار

وێرانە شاری نغرۆ
دالّدەمان بوو
بەرەبەیان خۆرەتاو تاجە زێڕینەکەی
تورهەڵدایە سەر نوێلکی کەلاوەکان
سرووشت لە بەردەم مەرامی شەو و شەهوەت
رووت بووەوە
پەڕەسێلکە کۆچەرە بێوارەکانیش
لانە وێرانی شاری نغرۆیان جێ هێشت
روەو گەواڵە دەمار گرژەکان

سەری نامۆیی یان هەڵبڕی
لە ئاست عەرشی ئازارەکانیان
کرنۆشیان برد
بۆ تاجە بزرەکەی خۆرەتاو
نەفرینیان کرد
لە تەلاری بڵندی خەونی ڕەنگاو ڕەنگی
عاشقە کۆیلەکان
دواتریش
دوای ڕمانی کێوە سەختەکانی نیگەرانی
توانەوەی زەردەخەنە سڕبووەکانی نەست
دامرکانی شەپۆلی خرۆشاوی دەریای قووڵی
خەونەکان
تێکەڵ بووینەوە
بەو تەمەی کە هەناسەی بیرەوەری
ژوانەکانی لێ هەڵ دەچوو
لەنێو هێرشی باو بۆرانی لێک دابڕانی ساتەکان
تەنێ گۆشە گیری داڵدەمان بوو
شەوە درێژەکانی چاوەنواڕی

گۆڕستانی خەون و
ئەفسانەی ئەڤینی
دڵێکی ئاسنین بوون
زامەکان، تەرمی بێ شوێنەواری
بیابانی وشکەڵانی جەستەیەکی شەکەت بوون
لە وەرزی سەرهەڵدانی ئەڤین و مەرگدا
نهێنییەکانی بوون و نەبوونی
ئاشکرا کرد
بەڵام من لە وەتەی هەم
ئازارێکم بێ ڕەگ
بە سەرگەردانی وێڵم بۆ تراویلکەیەک
گومان دەچێنم
گومان
گومان
گومان
من هەم یا نیم
بیابانێکی تینووم
لەبەردەم تریشقەی سۆزو تاوان دا

گوناهەکانم دەشۆمەوە
لە میان بولێل و کازێوەدا
بەسەرسامی لە پێلوی چاوی بێداری
وێرانە شاری نغرۆ رادەمێنم
شەو سەگێکی لاڵە
هۆش، دیوارێکی تەپیو
هەست، پولەکی چرایەکی کز
بیستنم، سەدای رمانی تاشە بەردی کەڕی
سەر رێگاکانە
ئێوارە درەنگان
رۆژ رادەبرێ
بە زنجیری پرچە پەرش و بڵاوەکەی
دەست و پێی شەکەتی شەقامەکانی شار گرێ دەدا
دەگەڵ پەرەسێلکە بێوارەکان
وێرانە شاری
نغرۆ جێ دەهێڵین..
نهێنی خەونەکان پێشبینی فریشتەکان نەبوون
فریشتەکان، کرنۆش نابەن

بۆ پووکانەوە خۆری نێوان هەورە میتاڵییەکان
فریشتەکان...
لە بیابان بوونی کێو
وشک بوونی شەپۆل
پێک نەگەیشتنی کەنار
گیان دەسپێرن
جاویدانە، لە نێو بازنەی سەمای مەرگێکی دەروێشانە
زیندوو دەبنەوە
دیواریش تراویلکەی هەیە!
ئەگەر نا بۆ کلیلەکانی ڕێگەی بن بەستی
کۆلانەکانی چاوەنواری بزر دەبن
ئێمەش لەهەر هەنگاوێک
سەرە ڕۆیانە بزر دەبین
بە بێ دەنگی لەم پەرستگا خەڵوەتییە
لە سەر مینبەری زامەکانمان رادەکشێین
خوێنی چۆڕاومان دەبێتە تەم
بناری ئازارەکانی گۆشەگیریمان داگیر دەکات
ئەوە منم

له نێو سیحری عیشقێکی بەتاڵ بوودا
شووشەی ڕۆحم شکاوە!
بوومەتە حەکایەتی ئەفسانە بێ کۆتاییەکان
هەزاران لێو دەم گێڕنەوە
هەزاران چاو دەم بینن
بە نامۆیی لە نێوان تارمایی دوو دەستی ڕەش
تەرمێکی زیندوو لەکۆڵ دەگرم
بەنێو جەنگەڵی ڕیایی زەمانە تێ دەپەڕم
تاڤگەی خوێن
لانەی هەڵپروکاوی جەستە شەکەتەکەم ڕادەماڵێ
لە نێو تەنێیم غەرق دەبم
تۆش دەبیتە کۆترێک پەڕو باڵ لە گڕ
لە شەقەی باڵەکانت دەدەی و بەر هەڵدا دەبی
لە سەر هەورەکان هەڵدەنیشی
لە نەخشەی زامە قووڵەکانم ڕادەمینێی
لەنێو قەفەسی دڕکبەندکراوی دڵە دیلەکەم دەنیشیتەوە
مەتەڵەکانی ژیان، شی دەکەیەوە
عیشق، درۆیەک بوو

کتێبەکان، فێریان کردین
عیشق ڕێبوارێکی قاچاغ بوو
بۆ هەمیشەیی سواری کەشتی گەشتێکی مەحاڵە
بەر لە ئاڵۆزبوونی ڕەگەکانی نەست
لێکترازانی ڕەنگەکانی وجود
کۆچی تیشکە شکاوەکانی خۆراوا بوون
دوا بۆشایی
لە سەر پەڕەی دڕاوی دڵی زەمەن
پڕ دەکەیتەوە
دوا پرسیار
لە سەر دەفتەری ئەزموونی عاشقە دۆڕاوەکان
فریشتە تۆراوەکان
جێ دەهێڵین...

١٩٩٣

# مردوو شۆر

تەرمێکی رەش
کفنێکی سپی
تەرمێکی زەرد
کفنێکی شین
تەرمێکی سەوز
کفنێکی سوور
دەیان، سەدان، هەزاران
هەزاران تەرمی رەنگاو رەنگ
تێکەڵ مینا رۆح و جەستە

ڕەگ و گڵ
زەماوەندی خوێنە
جەژنی مردوو شۆرە
شاباش سەری پەپوولەیە..
مردوو شۆر تەنێ لە ژمارە دەپرسێ
چەند بستە زەوی
چەند تەرم
چەند پارە؟
نارِوانێتە باڵاو سیماو ناسنامە، گۆڕستان
جەژنە، جەژنی مردوو شۆرە
لەوڵاتێکی بێ ئاسمان دا
نە مانگ دیارە
نەخۆر
نە ئەستێرە..

# پرسه

گەڵاکان شیوەن ناگێڕن
نامۆیی ڕەنگیان بە وەرزەکان نەسپارد
دەرو دیوار
جادەکان
کۆڵانی تەنگ
درەختی ڕووت بووی بەر گێژەلووکەی وەرزی وەرین
شەونم یاخی بوونی بەگەڵاکان گەیاند
ئیدی لە هیچ بەرە بەیانییەک
بە شەرمەزاری لەبەردەم گوڵە بێ ڕەنگەکان دا

بە کوڵ ناگری
گەڵا ڕەنگی ڕەشی پۆشی
شار سەرانسەر بەرگی خوێنین
منداڵێک گریا
کۆترەکانی هزر کوژران
گوڵە گەنمێک ڕوا
کێڵگەیەک سووتا
کانییەک هەڵقوڵا
ڕووبارێک وشکی هێنا،
لەنێو ئاودا بوو، ماسی خنکا
ئاو پرچی پەرش بووی بەقوڕ کرد
ماسیگر یادداشتی قوڵابی نووسییەوە
نەفرینی کرد لە مرواری
گەڕان، شۆڕبوونەوەیە
بە نێو قووڵایی نهێنییەکان
قولاب گرتی
من نێچیری دەست ماسی گرم
بە من مەڵێن کێ ماسی خنکاند
شەپۆل، تووڕە

بەردەڵانی کەنار، یاخی
هەتاو لە شەو راما
مانگ لە ئاوابوونی خۆی
سەگ لە وەڕینی، شوێن پێ هەڵگر
تاریکیش نەبوو، چراکان کوژانەوە،
هەتاو کچی خۆر بوو
بە تیشکەکانی خۆی سووتێنرا
لەو رۆژەوە سروشت بە گەدایی
لەسەر جادەکانی زەمەن راکشاوە،
لە وەرزەکان مەپرسن
کێ بەهاری لەپشت پەرژینەوە جێهێشت
پرس لە وەڵام
وەڵام لەمێژوو
مێژوو بەرد نووسێک بوو تۆمارەکەی
خرایە نێو گۆمێکی مەندەوە
زەردەخەنە لە لێوی دوراو
لێو لەگەڵ مەرگی نامەکانی هەور
بێبەری لە زەردەخەنەی پەپوولەکان
برین لە ژان

ژانێک سەدانساڵە لە جەستەی شۆرە سوارێکی بریندارە
لە گلانی خۆی دەپرسێ
رۆندک لە نابینایی چاو
سۆماکەی نە رابردوو، نە بەرایی خۆی دەبینێ
گەردنی بڵندی شکاوی ئەسپی خۆزگەیەکە
شۆڕەسوارەکەی بەپێوە مرد
لە سەر لوتکەی هەڵدێرێک
تەرمەکەی  جێما
کێو لە سەر کەشی لوتکە راما
عاشقان بە عیشقەوە گیانیان سپارد
شەپۆلی عەتری بیرەوەری، وشک بوونەوە
کۆترەکانی خەیاڵ هەڵفڕین
گڕ لە پووشی هێلانەکان بەردرا
کێ پەپوولەی لە زەردەخەنە بێ بەری کرد
گەڵاکانی رەشپۆش کرد
شار سەرانسەر بەرگی خوێنین؟

١٩٩٤

# دان پێدانانێکی تر

لە کوێی

ون بوویت

لە من ون بوویت

بوویتە تەمی گۆشەگیری ساتەکانی بە یەک نەگەیشتن

تەم، نێوانێکی ئەفسانەییە

چارەنووس، دووڕیانی بوو

دووری و نزیکی

لەشەوی تاریکی چاوەنواری دا

عیشق و مەرگ

دوا هەناسە تامەزرۆیی
گڕی ئاخەکان رۆشن دەبوونەوە
دەڵێن شێتی کەس تێت ناگا
ئاخر شێتی ترۆپکی هەرەساوی
کێوی عیشقێکی ناکام بوو
بەزامی هەمیشە چۆڕاوو
پەنجە گڕ گرتووەکانم
یادداشتێ لە سەر کێلی گۆڕی عاشقانم نووسییەوە
خەونەکان، کۆت و زنجیری دیلێکی بێ چارەن
کە لە دۆزەخی ئەوینێکی نەفرین دا
لە سەر پشکۆی کوانووی مەرگ سەمای کرد،
خۆ منیش ئەو دیلە بێ چارەیەم
کە تەنێ زایەڵەی زنجیری ماتەمینی
دڵنەوایی بێ ئارامیم دەداتەوە
گڕ و خامۆش بوونەوە
شیوەن و شیوەنێکی تر
بۆ لە دایک بوونی عیشقێکی تر
دوو تێبینی

یەکەم: بەم پێناسەیە بمناسنەوە
ناو: شەهیدی عیشقێکی نەفرین
تەمەن: گوڵی سیس بووی
پەڕەی زەردی بیرەوەرییەکان
ساڵی شێت بوون: ساڵ مەرگی خۆشەویستی
دووەم: کە خەمی ئەو ژیانە شوومە
دەخەینە سەر کۆڵی شەکەتیت
دیواری ئەو بێ دەنگییە بڕووخێنە
کە بەری خۆرەتاوت لێ دەگرێ.
١٩٩٢

# گڕێک خۆی دەسووتێنێت

گەیشتی بە کاروانی فریشتە سپی پۆشەکان
بە مێرگی عیشقی پیرۆزو
ئاوی جاویدانیت خواردەوە،
باش بوو زوو سەفەرت کرد
لەو سەر زەمینە رەش پۆشە
وشکەڵانە
درەختەکان لە هەر کوێیەک بن
لە بنجەوە هەڵدەکەنرێن
رۆژێ نییە

ساتێ نییە
سەری کۆترەکان هەڵنەکێشرێن.

پەرستگا
دەستی نزاو پاڕانەوەی
هەرچی گەداو شێت و ئاوارەیە
زەمین  زەلکاوێکی بۆگەنە
خواوەندی شار
مێشوولەی خوێن مژو
ژەهر بەخشە
سەراپا خاکی پاکی پێ دەشت و چیاو کانی
هەڵلوشیوە..
نیگەران مەبە
لەو ئاگرەی خۆی دەسووتێنێ
لەو رووبارەی بە دەستی خۆی
کەنارەکانی جێ دەهێڵێ
شەپۆلەکانی وشک دەکاتەوە
لەو خۆرەتاوەی کە بێ وادە

هەر لە کازێوەرا ئاوا دەبێ
لەو کەوانەی یەکتر راو دەکەن
سەری خۆیان دەکەنە دیاری
بۆ خوانی راوکەران..
دڵگیر مەبە
لە کوێربوونەوەی کانیلەی کوێستان و
توانەوەی بەفری لوتکە
لەو هەڵدێرانەی کە رێبواران
خۆیانی لێ هەڵدەدێرن
لە دیواری سەر شەقام و
شوورای شاری نەفرەت لێکراو
لە پەیامی رۆژانەی لیستی مردووان،
ئیدی بۆچی نیگەرانی
کە لوتکە سەری لوتکە ببڕێ
کێو بەگژ کێودا بچێ
بۆچ نیگەرانی
لە ژنانی رەشپۆشی شارەکەت
بوونەتە زێوانی هەمیشەیی گۆڕستان،

هەر تۆ تەنیا نیت
لە وڵاتی پشت هەورو
خەونی پەلکە زێڕینەو زارۆڵەکان
لە وڵاتی هەزاران تابلۆی غەمگینی
ئەستێرە چاو گەشەکان
لەوێ نەسیخوڕێ هەیە
راپۆرت بنووسێ
نە ریکۆردی نهێنی
نە یاساولەکان
شمشێرو تفەنگ بە دەستن
نە لە سەر هەر بستەخاکێ
زیندانێ چێنراوە
نە لە نێوان هەنگاو و هەنگاوێکدا
هەزاران مین رواوە
نە براکان تف لە ئاوی جۆگەی خۆشویستی یەکدی دەکەن
نەکەسێ بە فرمێسکی ئەویدی پێ دەکەنێ
نەبازگەیەک لە ناسنامە دەپرسێ
نە شۆفەڵ ماڵت بەسەردا دەڕمێنێ

نە تەوشی زمانی پیرەژن
رۆحی فەرهادەکان دەبڕێتەوە
نە تۆش بەدوو سێبەری دزراوی خۆت دەگەڕێی
نەلە دوو زەردەخەنەی تۆراوی خۆت وێڵی
دڵگیرمەبە لەو سەفەرەت
سەفەری جاویدانی و سەرفرازییە
مێژوو بۆ خۆی نێچیری قوربانییە
لە ئاست درۆی شاخداری پادشاو
قامچی سوڵتانەکان
مێژوو لە بوونی خۆی شەرمەزارە
لە خوێندنەوەی هەڵەبجەی جەللادەکان.
دڵگیر مەبە
تۆ تەنیا نەبوویت
ئەوا زەردەشت، عیسا، حەللاج
لە خەنجەرو خاچ و تەنوورەکەیان بپرسە
لە کفن و خوێن و خۆڵەمێش و
کتێبە پرۆزەکان بپرسە.
هەرتۆ تەنیا نەبوویت

ئەی پەرچەمی بڵندی ڕەنگاو ڕەنگی
وڵاتە بێ ناسنامەکەت.

ئۆغرت خێر
لەوێ لە پشت هەورو
ئەو دیوم باڵی ئەستێرە چاوبزەکان
پێیان بڵێ
ئێستا دیاکۆ
تاجی سەر فرازی میدیای لە سەرناوە
بەقەد غەمی گەورەی
کێوە سەرکەشەکان
بە قەد باڵای درێژی
ڕووباری خوێنی
کۆترەکان
گەورەبووە
ئۆغرت خێر..

# کوردستان

گیانەکان گەڕانەوە
نێو ئەو جەستانەی
کە خۆیان لە پێستەکانیان
ئەو پێستانەی کە خۆیان لە پەیکەر داماڵی و
دەمامکە جوانەکانیش لە ڕوخسارە کرێتەکان
هەڵگەڕانەوە
تەنگ بوونەوی مەودای حوکمی بینینی گلێنەکانە
تەنگ بوونەوەی نەفەسی عیشقە ئاگرینەکانە
تەنگ بوونەوەی پانتایی زەمینە
لە ژوورێکی چکۆڵەدا

کەوتنی هەرمێیەکانە
لە حاشاکردنی چڵی درەختەکان
خنکانی ماسیەکانە لە نائاشنایی ئاو
هەوەڵین چرپەی جاڕدانی
فڕێدانی ئەڵقە ژەنگاویەکەی دۆست
هەناسەی سروەی لێبووردنی مەزدا بوو
لە بوومە شوومەکەی ئەهریمەن
دیوارەکان پەلکە گیا بوون
باخچەی پەپوولەکان زیندان
جەژنی بەخشندەیی زامەکان بوو
لە نێزەی بوختان
دەرگیری نێوان گومان و گوناهە
ئەم کەرنەڤاڵە ڕەشپۆشە
کوردستان
نکۆڵی چرایە لە ڕۆشنایی خۆر
ماچ و زەردەخەنەیە لە لێوەکان
غەمزەیە لە پێڵووی چاو
کۆچی هەنگاوەکانە لە هاتن و هەڵاتنی
دەنگی پاژنەی پێیەکان

سۆزی گۆرانیەکی ئاوارەیە
لە گەرووی خوێناوی ئاواز
گریانی بێشکەیەکە
لە حەسرەت هاتنی منداڵێکی تازە لە دایک بوو
بزەی خونچە گوڵێکی تازە پشکوتووە
لە بەرەبەیان
نکوڵی سیێ بەرە سپییەکانی ئاسۆیە
لە درەخت و گەڵاو چۆلەکەکان
هەتاوی پاش بارانی زۆرە لە پەلکە زێڕینە
زنار لە دەوەن و زەندۆڵ
کێڵگە لە گوڵە جۆو گوڵە گەنم و قەتێیەکان
کوردستان
کەرنەڤاڵێکی ڕەشپۆشە
ڕەحمی گوڵەکانی پڕن لە بۆنی بارووت
پشیلەکان لە پاڵ هێلانەی پەڕەسێلکەدا خەوتوون،
کوردستان شمشێرێکە
تیژو تووڕە و لەخۆبایی

١٩٩٦/٩/١

# بارستەیەک لە هەڵم
## بۆ- دایکم-

من لێرەم
لە ژوور سەرتەوە
بە نامۆیی هەڵکوڕماوم
هەموو ئێوارەیەک لەگەڵ خۆراوابوون
کە هەتاو بۆ دواجار ماڵاواییت لێدەکات
هەرچی پەڕەسێلکەو چۆلەکەی باخچەکەمان هەیە
ئاوێتە بە ڕەنگی زەردەی گەڵای هەڵوەریوی تەمەنت دەبن
هەرچی شەپۆلی سەوزی یادەوەری منداڵیم هەیە
تێکەڵ بە شاری جاویدانیت دەبن
نامەی قوڕاوی تاریکستانی ئەم سەرزەمینە

دەبنە پەیامی پەیڤە ناکامەکانم
شەوانی درەنگ تا بەرەبەیان
هەناسەم تەنگ وێنەی پەپوولەیەکی تاراو باڵ دەگرێ
لەسەر چڵی ڕووخساری تەماویت هەڵدەنیشێ
بە خۆم دەڵێم ئیدی بەسە هەتا کەنگێ
سروودی بە کوڵی ئەم گریانە بێمانایە بهۆنمەوە
لەنێو گڕکانی گوناهەکانمدا دەبمە مشتێ خۆڵەمێش
چاوەڕێی تۆفانێک دەکەم
جووتە ماسی بێهودەی گلێنەی چاوەکانم بخنکێنێ
وێڕای تۆ
وێڕای ئەو پەیڤە ناکامانە
کێ گوێ لە بەسەرهاتی داڕمانم دەگرێ
لە زامی قوڵی ئەو شیعرە بریندارانەم دەڕوانێ
کێ سیمای سپی کاغەزەکانی ئەوینم ڕەش دەکاتەوە
لەبەردەم کڕنوشگەی میهرەبانیت
دەستەکانت ڕامدەکێشن
لێوەکانت بانگم دەکەن
فەرەیدون..
ئەی منداڵە لاسارەکەی جاران

تۆ هەر گەورە نابیت
تا بگەڕێیتەوە نێو ئامێزی شاری بە تەم داگیراوم
مشتێ خۆڵی سوتاوی باخچەکەمانم
بۆ بهێنیتە سووت ئیمام*
ئاخر وێڕای تۆ پەرستگایەک نەبوو
هانای بۆ بەرم و لەبەردەم میحرابی میهرەبانیت ڕابمێنم
خامۆشیم بخزێنمە نێو بڵێسەی ئەو گڕە ئەزەلییە
ڕۆحە شەکەتەکەمی پێ گەرم بکەمەوە
بە هەڵپروکاوی لەنێو مەنجەنیقی پەژیوانی
ببمە بارستەیەک هەڵم و سەرهەڵگرم
بەرەو تەلاری ئەستێرە پرسەدارەکان
ببمە بارستەیەک رۆشنایی
لەسەر باڵە تیشکدارەکانمت هەڵگرم و
بتبەم بۆ ئەودیو تخوبەکانی پاکیزەیی
لە دوا وێستگەی چاوەڕوانی ئەو سەفەرە بێهودەیە
لە خاچ بدرێم و حاجیەکانیش بەرد بارانم بکەن
من هێشتا لێرە ماوم
لە ژوور سەرتەوە
تۆپەڵێک تەم و مژی سەرگەردانیم

گەردەلوولێک هەڵناکات
هەموو گیانم بشواتەوە
دەستە میهرەبانەکانی تۆش
لانکی خەمەکانم ڕاناژەنن
کۆرپەی دڵم هێور ناکەن
تا دەبم بە تەفسیری خەونێکی نەزۆک
لەنێو لەپی قەرەجێکی جادووگەردا
دەبمە کلیلێکی بزربوو
لەنێو کیلۆنی دەرگا نهێنییەکانی ژیاندا
وەک گەمییەکی سەرلێشێواو
لەنێو گێژەنی دەریایەک گوناهدا دەتلێمەوە
دەبمە پرۆژەی شۆڕشێکی دۆڕاو
لەسەردەمی ناکامی باوەڕو
ئاشتەوایی برابکوژەکان
ئیدی نە زەمەن بۆ پاشەوە دەگەڕێتەوە
نە خۆرەتاو لەنێو شووشەی دەلاقەکانی فەرامۆشیدا
دێنەدەر
نە ئەو ساتانەش کە نیازمە
لەنێو ڕۆحی شەکەتی خۆمت وەشێرم

دەبمەوە بارستەیەک هەڵم و سەرهەڵدەگرم
بەرەو تەلاری ئەستێرە پرسەدارەکان
دەبمەوە بارستەیەک ڕۆشنایی
بەسەر هەواری ڕۆناکستانی شاری جاویدانیت
ئاوێتە بم بە ڕۆحی تۆ
لە تۆدا دەتوێمەوە
لە تۆدا بزر دەبم
بزر دەبم
بزر..

*سووت ئیمام: گۆڕستانێکە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری هەولێر
پاییزی ١٩٩٨

# بیابانییەکان

لە هەموو لایەک درزی بردووە
لە هەموو لایەک ژەنگی هەڵێناوە
وێنەی شارە بزربووەکەمی،
لە توێی چوارچێوە شکاوەکەی هەڵگرتووە
ئاوێنەیەکە چاوەکانت
بەم تاووسانە خۆڵاوییە
بە تەم داگیراوە
سیمای تەڵخ و هەڵپروکاوی نامۆییت
تێدا ڕەنگ ناداتەوە
لەسەر شەقامەکانی گەورەبووندا

جاویدانیت هەنگاوەکانی لێ بەجێماوە
وێنەی جۆگەڵەی بنە دارهەنارێک
ماڵاوایی لە سێ بەرەکەی خۆی کردووە ،
ئاوینەیەکە چاوەکانت
بە وێنەی ئاوێنەی ژەنگاوی
تەم و مژی ئاسمانی خۆڵاوی
شارە بزربووەکەم ،
لەم بیابانە
کەس نابینی
خەون بەو باڵدارا نە ببینێ
کە هەمیشە لە سەفەر دان و ئیدی ناگەڕێنەوە
یان بەقەد ئەو بارانە بە ڕەحمەت بێ
کە لانکی خەونەکانی منداڵیت ڕادەژەنێ ،
تۆ نابینی
کە شەپۆلەکانی یادەوەریت سەرهەڵدەگرن
هەرگیز ناگەنەوە کەنارە ڕیش سپیەکانی ئاسوودەیی
تۆ نابینی ،
کە گەڵایەک لەسەر لکی پیرەدارێکی کلۆردا
لە پایزی زەردی ژیاندا هەڵدەوەرێ

ئیدی نابێتە چەتری ئەو چۆلەکانەی
کە تەنیایی دەیانکوژێ ،
لەم هەوارە سەرگەردانە
لانەیەک نابێ لە سەرماو سۆڵەی زستان
بیانپارێزێ
یان ڕەشماڵێکی کۆچەری ئەم بنار شاخە
هەرچی ئاسکە کێوی عاشق هەیە
بخاتە نێو ئامێزی
تۆ نابینی
چاوەکانت ،
ئاوێنەیەکن شوون هەڵگر
بست بە بستی ئەم سەرزەمینە جەنجاڵە دەگەڕێن
لە هەواڵی کەوەکانی نێو قەفەسی
پێدەشتی گەرمیان و
ئێسک و پروسکی خۆڵەمێشی
منداڵانی ناو تەم دەگەڕێن..
زەری لم
تۆ کچی کوێستان نەبووی
ئەدی چۆنە لەم وشکەڵانە بەتەنێ ماوی؟

وەکو با
وەکو باران
وەک برووسکە
بە گوێی ترۆپکی چیا دوورەکان دەچرپێنی
لەم شەوەزەنگە وەحشەتەی چارەنووست
بە نهێنی وەکو شەوڕۆ
بەرگی لمت پۆشیوە
بە نێو کوچەو کۆڵانی شاری عەشقدا وێڵی
لە ناسنامەی پاکیزەیی خۆت دەگەڕێی
لەو قەڵا سەختەی ژیان
کە بە مەنجەنیق و زنجیر گەمارۆ دراوە
چراکان خۆیان دەکوژێننەوە
تۆ تیشکەکان دەکەی بە پەیژە
بەسەر خۆردا سەردەکەوی
بە من ناڵێی
کام چۆم
کام ڕووبار
تۆی گەیاندە ئەم وشکەڵانە
تا لەو خاکە عەرعەریە

لە حەسرەت ئەوینی کوڕە چاومامزەکانی کوێستان
سەرهەڵبگری
گوڵەگەنم ئاسا
مەمکەکانت پڕ شیر بکەی
بۆ شکانی تێنوویەتی فەرەقەتێی بەجێماوی
نێو خەرمانەی دڕک وداڵ..

بە من ناڵێی
تۆ بەم شەوە درەنگە تا بەرەبەیان
قژی کام داستانی لێکدابڕان دەهۆنیەوە
تۆ نازانی لێرە خۆرەتاو کەی هەڵدێ
چۆن ئاوا دەبێ
باران لە کوێ دادەکا
کام مێرگ و کانی لە تێنوویەتیدا وشک دێنێ
کەسیش لە نهێنی مەرگی کەوەکانی کوێستان ناگا
پەڕەسێلکەکانیش نازانن بۆچی دەمرن
چما ماسیەکان
لەسەر ئەو هەموو کەنارە غەریبەی
دەریای حەسرەت

خۆیان دەخنکێنن.
لێرە لەم بیابانە
کێ گوێ ڕادەدێرێ بۆ فرمێسکی شەونم
هەناسەی گۆرانیە شینەکانی لم
کێ لەم ئاتەشکەدەیە
تنۆکە فرمێسکێ بۆ حەسرەتەکانی ئاگر
نزای ئەو شمشیرە بریندارە دەڕێژێ
کێ دەکارێ
بەنێو لەشکری ڕم و نێزەو خەنجەر
بەنێو مەرزی خێوەتنشینەکان ڕاببورێ
ئاخۆ وێرای ئەو کێلە لمانە
کێ نوێژی جەماعی مردن
لەبەردەم قەڵغانی بەڵا دابەستێ
لەو خەرەندە بودرە
بە باڵای تارماییەکان هەڵزنێ
زەری لم
ئەدی تۆ جاران کچی کوێستان نەبووی
بەڵام ئێستا کەنیزەیەکی بیابانی
کە ناڵەت بە گوێی چیاکاندا دەچرپێنێ

ئەو چۆم و ڕووبارانە دێنە جۆش و خرۆش
کە گورگی بۆر ئاگر دەگرێ داوێنی
خێوەت دەبێ بە کاشانە
لەسەر تەرمی دڵدارە زیندەبەچاڵ کراوەکەت
زەماوەندی مەرگ ساز دەکەن
لێرە وێرای گەردەلوول
پەیامێ نییە
هەواڵ بە تاشەبەرد و ئەشکەوت و لوتکە بگەیەنێ
چۆن بە بەر چاوی هەموو فریشتەکانی سەر زەمین
خواوەندی مەرگ
لەنێو ڕەحمی ئەم شارە وێرانە نەزۆکەدا
تۆوی مردن بۆ مەم و زینەکان دەچێنێ
لەم بیابانە
هەر کێلە و بە دوای گۆڕی ون بووی خۆی وێڵە
هەر چاڵە و شیوەن بۆ تەرمی خۆی دەگێڕێ
لێرە لەم شەوەزەنگە وەحشەتە
کە هەمیشە خۆری لێ گیراوە
لەو خەرەندە بودرە
لەو قەڵا سەختە لماوییە

به چاوی کوێر و
دەستی بڕاو و
لاشەی تێکشکاوم
بۆ سەردانی جل و بەرگ و پێڵاو و
یادگاری بەجێماوی پەڕەسێلکەکان
بۆ چۆمی هەتکراوی زەری کوێستانم
هاتووم
تا بە بەرچاوی ئەم خێوەتە ڕەشتاڵەوە
ژەنگی ئاوێنە شکاوەکەم بسڕمەوە
گلێنەی چاوەکانم بدۆزمەوە
شاری مردووانم بگۆزمەوە
لەسەر شەقامەکانی گەورەبووندا
جاویدانی هەنگاوەکانم هەڵگرمەوە
لەم شەوەزەنگە وەحشەتە
کە هەمیشەو هەمیشە بێڕۆشنایی چرایە
هاتووم شەقێک بدەم لەو گۆی زەمینە
کە هێشتا لەسەر پشتی ماسیو قۆچی گایە..

١٩٩٦